


تەوەری
(نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی)

# پانۆرامای (ڕەهەند)

ئامادەکردنی: ژنەفتن

WWW.JINEFTIN.KRD
ژنەفتن
ماڵپەڕێکی هزری و کولتوورییە

**بەشی دووەم**

ماڵپەڕی ژنەفتن لە دەستپێکی تەوەرێکیدا لەبارەی (نیوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی)؛ بە پێویستی زانی پانۆرامایەک لەسەر بڵاوکراوە و چالاکییەکانی نیوەندی ڕەهەند ئامادە بکات. لە پانۆرامەکەدا پێشەکی (خۆیان ناویان ناوە هەڵوێستە)ی هەموو ژمارەکانی ڕەهەند تایپ کراوەتەوە لەگەڵ پێرستی بابەتەکانی هەموو ژمارەکان و دەستەی نووسەرانی ئەو ژمارانە. تێبینی دەکەن کە لە دەستەی نووسەران و شیوازی کارکردن لە هەندێ لە ژمارەکاندا گۆڕانکاری کراوە. بە هیچ شێوەیەک دەستکاری ڕێنووس نەکراوە و تەنیا تایپ کراوەتەوە.

ئەمەی بەردەستتان بەشی دووەمە لەو سێ بەشەی پانۆراماکە:.

## ژمارە ١٢-٢٠٠١/١٣

لە بڵاوکراوەکانی نیوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

لێپرسراوانی ئەم ژمارەیە: مەریوان وریا قانیع – ئاراس فەتاح

لێپرسراوی ئاوێنە بچکۆلەکان: هیوا قادر

**بابەتەکانی ئەم ژمارەیە:**

- هەڵوێستە

- بەختیار عەلی: کۆمەڵگە و منداڵە نامۆکانی: خوێندنەوەیەک لە وێنە و ئەفسانەکانی سەفەر و تاراوگەبووندا

- مەریوان وریا قانیع: مەنفای کوردی لەنێوان سێ نەوە و سێ ئەزموونی مانای

جیاوازدا

– مەهاباد قەرەداغی: سێکسبینی لە کۆمەڵگا نائازادەکان

– سەروەر ئەحمەد: ئیشکالییەتی ڕەسەنایەتی و سەردەمگەریێتی لە تێڕوانینی "د. محمد عابد الجابری"دا

– عەبباس وەلی: کوردەکان و "ئەوانی تر" یان: هەویەت و سیاسەتی پارچەپارچەبوو. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: نەزەند بەگیخانی، هاشم ئەحمەدزادە

– ئێرنێست ڕینان: نەتەوە چییە؟ وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: حەسەنی قازی

– گارا: کورتە مێژوویەکی تازەگەری لە هونەری شێوەکاری ڕۆژئاوادا

– دانا ڕەوف: کۆستیم، فۆرمێکی ساکار و قۆناغێکی نوێی پیتەر برۆک

– مەریوان وریا قانیع: تراژیدیای میشێل فۆکۆ لە کتێبی (دیموکراسی لەنێوان مۆدێرنێتە و پۆست مۆدێرنێتەدا)

–ئاوێنە بچکۆلەکان

## هەڵوێستە

یەکێک لەو پرسیارە گرنگانەی بەردەوام ڕووبەڕووی هەر کۆمەڵگایەک دەبێتەوە، مەسەلەی چۆنیەتی ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان ڕابردوو ئێستا و سبەینێی ئەو کۆمەڵگایەیە. لە هیچ شوێنێکیشدا چۆنیەتی ڕێکخستنی ئەو پەیوەندییە ئەوەندە ئاشکرا نییە، وەک لە پەیوەندی نێوان نەوەکاندا بەدەردەکەوێت. لەسەرانسەری دنا ئەمڕۆدا کۆمەڵگایەک شکنابەین چەندان دەزگاو دامەزراو و کۆڕ و کۆمەڵ و پلان و نەخشە و تاکتیک و ستراتیژیەتی تایبەتی بۆ ڕێکخستنی ئەو پەیوەندییانە تێدا نەبێت. زیادەڕۆیی ناکەین گەر بڵێین، یەکێک لەو مەسەلە گرنگانەی کە گۆمەڵگایەک لە کۆمەڵگایەکی دیکە جیادەکاتەوە، چۆنیەتی ڕێکخستنی ئەو پەیوەندییانەیە کە ڕابردووی ئەو کۆمەڵگایە بە ئێستایەوە و نەوەکانی دوێنێی بە نەوەکانی ئەمڕۆیەوە گرێدەدات.

بۆ کۆمەڵگایەک خۆی بە کراوە بزانێت و بیەوێت دیموکراسییەت بنیادبنێ و بپارێزێت، لەزۆر ڕووەوە ئەم بنیادنان و پاراستنە، وابەستەی ئەوەیە تاچەند پەیوەندی نێوان نەوەکان کراوە و تاچەند ڕێکخستنی ئەو پەیوەندییانە لەسەر بناغەی قبووڵکرنی یەکدی

ڕاوســـــتاوە و تاچەند پانتایی کراوە لەبەردەم نەوەی نوێکاندا ئامادەیە، بۆئەوەی بتوانن دیدی خۆیان لە واقیعی خۆیاندا پیادەبکەن و ئەو فۆڕمە بە ژیان و ئەخلاق و مامەڵەی خۆیـانبدەن کە دەیـانکـاتە بوونەوەری بەختەوەر و بەرپرســـــیـار و ئەکتیڤی نـاو ئەو دنیـایەی تێیدا دەژین. هیچ شـــتێک بەقەد ئەوە زیـان لە دیموکراســـــییەت و مۆدیلی دیموکراســـــییانە ناگەیەنێت کە دەســـــکاریکردنی ئەم پەیوەندییانە و ڕێکخســــتنەوەی دیموکراسییانە، تەنها لەئاستی کۆمەڵێک وادە و بەڵێن و قسـەی ناو ڕۆژنامە و گۆڤار و کۆبووەنەوە حیزبییەکاندا بمێنێتەوە. لەڕاســـــتیشـــــدا هەر دەســــــکاریکردنەوەیەکی ئەم پەیوەندییانە بەبێ ڕیکەوتن لەســــــەر ئەو مافەی، کە ئایندە موڵکی هەمووانە و هەرکەس مافی ئەوەی هەیە لەســـەر فۆرمی ئەو ئایندەیە بدوێ و ئەو وێناکردنی بۆ ئایندە هەیەتی بێترس دایڕێژێت و بەرگری لێبکات و پراکتیکیشـــــیبکات، شـــــتێکی بێمانا و بێناوڕۆکە. بێگومان کەس ناتوانێت لەســـەر ئایندی خۆی و نیشـتیمان و کۆمەڵگاکەی بدۆیت، گەر لە ئێستادا مافی قسـەکردنی لێسـەندرابێتەوە، یاخود بەشێوەک پەراوێزکرابێت کە قسـەکانی هەموو قورســاییەک و هەموو هەلێکی پیادەکردنیان لەناو واقیعدا لێســـەندرابێتەوە. بەبێ بوونی قەزایەکی کراوە، هەموو قسـەکردنێک لەسـەر گوێگرتن لە دەنگی نەوە جیاجیاکان و بانگەشــەکردنی گۆڕانی پەیوەندییەکان، جگە لە کۆمیدیایەکی بێئەنجام شـتێکی دیکەی لێنــاکەوێتەوە. تەنهـا لەقەزایەکی کراوەی پڕ لە گوێگرتن و ئـاڵوگۆڕی ئەرگۆمێنـت و بەرپرســـــیارێتیدا دەشـــــێت خەیاڵی نەوەیەک لە نەوەکان ببێتە بە بناغەی کارکردنی عەقڵانییەکانی نەوەیەکی دیکە و مژدەکانی یەکێکیان ببێتە ســـــەرزەمینی بەرهەمهێنانی ئینتیمای پتەوی ئەوانەی دیکەیان.

بێگومان وەڵامدانەوەی پرســـــیاری ئەوەی داخۆ ئەو فەزایە چ فەزایەکە و ئەم کرانەوەیە چییە و چۆنە و لەکوێی کۆمەڵگا و سیاسـەت و فیکردایە، کات و شـوێنێکی زۆری ئەوێ گۆڤارەکەی ئێمەش، گۆڤارەی ڕەهەند، بەدرێژایی تەمەنی خۆی هەوڵی دەستنیشانکردنی چوارچێوە گشــــتییەکانی ئەو فەزایەی داوە و خۆشـــی بەیەکێک لە گەمەکەرە ئەکتیڤ و چـالاکەکـانی خولقـانـدنی ئەو فەزایە زانیوە و دەزانێت. بەڵام لێردا جـارێکی دیکە ئەو ڕاســتییە دووبارەدەکەینەوە کە زەحمەتە بتوانین قســـە لە بوونی فەزایەکی کراوە بکەین بەبێ بوونی ئیرادە و ئامادەگییەکی ســــــیاســـــی و کولتووری و مەعریفی بەردەوام بۆ سـەرلەنوێ پێناسـەکردنەوەی بەشێکی زۆری ئەو بنەما و شۆینگە (موقع) کۆمەڵایەتی و سـیاسـی و فەرهەنگی و ئەخلاقی و مەعریفییانەی لەو سـاتەدا لە کوردسـتاندا ئامادەن. ئەگەر خوازیـاری ئەوەی کۆمەڵگـایەکی کراوامـان هەبێـت کەتێیـدا نەوە جیـاوازەکـان بەشـــــێکی ئۆرگانییانەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ســـــیاســـــی و فەرهەنگی و ئەخلاقی ئەو کۆمەڵگایە بن و کار بۆ بەرهەمهێنانی ئێســتا و ئایندەیەک بکرێت کە هەمووان بە موڵکی خۆیـانی بزانن، ئەوە دەبێـت ئـامـادەبین بە کۆی ڕێککەوتن و پەیمـانە (اتفـاق – عقـد) کۆمەڵایەتییانەدا بچینەوە کە کۆمەڵگای ئێمە لە ڕەوتی مێژوویی خۆیادا بەرهەمیهێناون

و له ئێستادا بۆته چوارچێوەیەکی گشتی، که له دووتوێدا دەستنیشانی هێز و دەسەڵاتی نەوە و هێزە جیاوازەکانی کۆمەڵگای ئێمەی تێدا دەکرێت. ئەم سەرلەنوێ پێداچوونەوە و پێناسەکردنەوەیە ئەمرۆکە یەکێک لە گرنگترین کارەکانی سیاسەت و فیکر و ململانێی کۆمەڵایەتی لە وڵاتی ئێمەدا پێکدەهێنێت.

لەجەوهەردا هەموو پێداچوونەوەیەک بە پەیمانە کۆمەڵایەتییەکاندا پێداچوونەوەی چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵاتی مادی و ڕەمزی نێوان هێز و نەوە کۆمەڵایەتیییە جیاجیاکانی ناو ئەو کۆمەڵگایەیە. لەم پرۆسەیەدا یەکێک لەو گۆڕانە گرنگانەی کە ڕوودەدات، سەرلەنوێ دارشتنەوەی ڕەگەزکانی ئەو سەرمایە ڕەمزییەیە کە لەو کۆمەڵگایەدا باڵادەستە. ئێمە دەتوانین بەشێکی گەوەری سەرمایەی ڕمزی باڵادەست لەمرۆکەی کورستاندا وابەستەی ئینتیمای حیزبی، ناوچەیی، خێڵەکی، خێزانی، ئاینییە و دوورە لە پرنسیپەکانی عەدالەتخوازی کۆمەڵایەتی و بەهرە و توانا و سەلیقەی دیاریکراوەی تاک و گروهە جیاجیاکانی ناو کوردستان. سەرمایە ڕمزی لای ئێمە سەرمایەیەکە لە ڕابردوویەکی دیرێنی نادیموکراسی و نەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و باڵادەستی سەلەفییەتی سیاسی و ئەخلاقی و مەعریفییەوە هاتووە و وابەستەی هەلومەرجێکی تایبەتە کە ئەمرۆ لەزۆر ڕووەو لە کوردستاندا بوونی نەماوە. لەدوای ئازادی و کۆچ و شەڕی ناوخۆ دەساڵ حوکمکردنی کورد خۆی و دابەشبوونی کوردستانەوە، جیهانێک لە کوردستاندا ئامادەیە کە جیهانی ساڵانی بەر لە ڕاپەڕین نییە. لەم جیهانەدا نەوەیەک یان چەند نەوەیەکی هاتوونەتە کایەوە، کە سادەترین داواکارییان بریتییە لە سەرلەنوێ پێناسەکردنەوە و پێداچوونەوەی کۆی ئەو پێناسانەی کە نەوەی پێشوو بۆ جیهان و کۆمەڵگا و ئەخلاق و سیاسەت و کولتوور و فیکر و ڕابردوو و ئێستا و ئایندە هەیەتی. ئەم نەوەیە چیدی نایەوێت لەنێو ڕابردووی حیزبی هێزە باڵادەستەکانی کوردستاندا بەندبکرێت و ناتوانێت پێناسی بۆ سیاسەت گفتوگۆی شاراوە و ژێرپەردەی چەند حیزب و گروپ و سەرکردەیەک بێت لەنێو کۆمەڵێک ژووری داخراوەی پرنهێنیدا. ئەم نەوەیە خوازیاری ئەوەیە سیاسەت بێتە سەرجادە، بچێتە ناو کۆڕ و کۆبوونەوە گشتییەکان، ببێت بە بەشێک لە گفتوگۆیەکی کۆمەڵایەتی بەردەوام و بەرفروان، زیاد لە میدیایەک هەبێت بۆئەوەی لەخۆیگرێت، واتە مشتومڕیەکی کۆمەڵایەتی گەورە فۆڕمەلەیکردبێت، فۆڕمی ڕاپرسین و ڕیفراندۆم و دەنگدان وەرگرێت و ئەو بەڵێنانەی کە دەدرێن دەبنە پراکتیک و جێبەجێبکرێن. بە کورتی سیاسەتێک کە بخوازێت زیاد لە نەوەیەک و زیاد لە هێزیک و زیاد لە دیدێک ئەکتیڤبکات. لە سەرەتاکانی ئەم هەزارە نوێیەدا ئەو کۆمەڵگایە ئامادە نەبێت لەبەردەم گۆڕانە گەورەکان و لەبەردەم نەوە تازەکانیدا بەم پرۆسە بەرفروانی پێداچوونەوەی مانا و پێناس و میکانزمەکانی دابەشکردنی دەسەڵاتی ڕەمزی و نارەمزیدا بچێتەوە، جگە لە بنیادنانی دنیایەکی پڕ لە ناکۆکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی، هیچی دیکە دروستناکات. لە مێژووی

کۆمەڵەگاکانیشدا نموونەی گەشەسەندنی ئەو کێشە و ململانێیانە بۆ قەیرانی سیاسی و ڕاپەڕین و شۆڕش پێکدادانی توندوتیژانە زۆرن.

یەکێک لە جیاوازییە هەرە گەورەکانی نێوان کۆمەڵگا کراواکان و کۆمەڵگا داخراوەکاندا لەوەدایە کە یەکەمیان بەردەوام لەبەردەم پێداچوونەوە و سەرلەنوێ پێناسەکردنەوە و ڕێزکرنەوەی شوێنگەکانی ناو کایە جیاجیاکانی هەناوی خۆیدایە، لەکاتێکدا لە دووهەمدا شتەکان بۆیەکجار دابەشکراون و بۆیەکجار ناونراون و بۆیەکجار پێناسەکراون و پێداچوونەوە و سەرلەنوێ دابەشکردنەوە و ڕیزکردنەوەی شوێنگەکان و بەرەیانپێدەگیرێت.

گەر سەرنجێکی ورد بدێنە دونیای پڕ لە مژدە و دژایەتی و ناکۆکی خۆمان، دەبینین لە کوردستانی ئەمرۆدا چەندان حیزب و فەرمانڕەوایی ناوچەیی ئامادەن، ئابووری کوردستان ئەمرۆکە لەزۆر ڕووەوە لە قۆناغەکانی بەر لە ئێستا چالاکتر و دەوڵەمەندتر و کراواترە ژمارەی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب و بڵاوکراوانەی ئەمرۆکە لە کوردستان دەردەچن لە مێژووی کوردیدا بێوینەن. دەسەڵاتداران کوردن و توانای پەیوەندی و هاتوچۆیان بۆ ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی لەناوچەکە و جیهاندا لە هەمووکات گەورەتر و کراوەترە. کوردستانی باشوور بەپێی بڕیارێکی نێونەتەوەیی شێوە پارێزراوە تا ئەم چرکەساتەش هیچ ئاماژەیەک لەئارادانییە کە ناپارێزرێت. کەچی لەگەڵ ئەمانەشدا ئەمرۆکە لەزۆربەی کایەی کۆمەڵایەتی سیاسی و کولتووری و ئەخلاقییەکاندا داخستنێکی گەورە و بەرچاو دەبێنن، هەڵهاتنێکی بێوێنە نەوەی نوێ دەبینین، بە دەگمەن نەبێت گۆڕانێک نابینین کە ئاماژەبێت بۆ جۆرێک لە کرانەوەی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و سیاسی. تا ئێستاش کۆی ئەو پەیمان و ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقییانەی لە کوردستانی ئێمەدا باڵادەستن، بریتیین لە ڕێککەوتنی نەوە کۆنەکان. دنیای ئێمە لە وێناکردنەکانی ئەو نەوانەوە دەبینرێت و لە دیدی ئەو نەوانەوە پێناسدەکرێت و لە بۆچوونی ئەوانیشەوە ڕێکدەخرێت. تا ئێستا لە هیچ کایەیەک لە کایە کۆمەڵایەتییەکاندا، لە سیاسەتەوە بۆ ئەخلاق، لە کولتوورەوە بۆ میدیا، لە حیزبەوە بۆ خێزان پێداچوونەوەیەکی ڕاستەقینە بە پەیمان و ڕێکخستنە کۆنەکاندا لە ئارادا نییە و تا ئێستا نەوە کۆنەکە پێناس و مانا و دیدی خۆی بەسەر کۆی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقی و کولتووری ئێمەدا سەپاندوە. ئەم سەپاندنە بە ئەندازیەکە تا ئێستاش سیستەمی خوێندن لە سەرەتاییترین ئاستییەوە بۆ باڵاترین پلەی کە زانکۆیە لە میتۆدەکانی سیستەمی خوێندنی بەعسیزم ڕزگاری نەبووە، میدیای ئێمە و لاپەڕەی گۆڤارەکان لەسەر هەمان مۆدیل ڕێکخراون و ڕێکدەخرێن، مەسەلەی دۆزینەوەی کار و وەرگرتن لە دەزگا گشتییەکاندا بەهەمان مۆدیلی حیزبی بەرێوەدەچێ و زۆربەی دەستکەوتە کۆمەڵایەتییەکان ڕاستەوخۆ گرێدراون بە ئینتیمای حیزبی و خزمایەتییەوە. بێگومان ئەم قسانە مانای بێفەڕکردنی ئەم ئەزموونەی کوردستان نییە، بەڵکو ئەوەی

ئێمە دەمانەوێت بیڵێین بچوکی ئەو کارانەیە لەچاو ئەو هەموو خراپەکارییە ستراتیژیانەدا کە کوردستان کورتدەکاتەوە بۆ ماڵی حبزب.

بێ دوودڵی دەتوانین بڵێین «سیستەمی سیاسی کوردی» لەم دە ساڵەی دواییدا بە پلەی یەکەم بریتیبووە لە ئیدارەدانی ئەو ناکۆکییە کۆشندە و وێرانکەرەی، کە لە نێوان پارتی و یەکێتی و هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستاندا هەبووە. لەم دەساڵەدا مانا سەرەکییەکانی سیاسەت لە کوردستانی ئێمەدا ئیدارەدانی ئەم ناکۆکییە ناوەکییە ناعەقلانییە بووە کە ئەم دوو حیزبە ڕووبەڕووی کۆمەڵگەی کوردیان کردۆتەوە. ئەم سیاسەتە نەک نەیتوانیوە گەنج و کەرتە لاوەکانی کۆمەڵگەی ئێمە بدوێنێت، بەڵکو ڕاستەوخۆ ناکۆکییە کۆنەکانی مێژووی ئێمەی بەسەر نەوە نوێکانی کوردستانیشدا سەپاندووە. بێگومان ئەم ناکۆکییانە نەک ناکۆکییەک نیین نەوە نوێکان لە کوردستاندا بەرهەمیانهێنابێت یان لێی بەرپرسیاربن، بەڵکو بۆماوەی ناکۆکی نەوە کۆنەکانی کۆمەڵگەی ئێمەن و ڕاستەوخۆ نەوە نەوێکانی کوردستانی تێوەگلاوە. هێزیکی ڕاگەیاندن و ئابووری و چەکداری گەوەرش لە کوردستاندا بۆ سەپاندنی ئەم ناکۆکییە دێرینانە بەسەر نەوە نوێکانی کوردستاندا خراوەتەگەڕ و لەهەر خانەیەکی کۆمەڵایەتییدا هەوڵیداوە ئەم ناکۆکییە بکاتە ناکۆکی نەوە نوێ.

گەڕاندنەوەی هەر مانایەک بۆ سیاسەت، بەتایبەتی سیاسەتێک بخوازێت لەگەڵ نەوە نوێکانی کوردستاندا بدوێت، دەبێت ماڵئاوایی لەم مانا کۆنە بکات، کە هیچ ڕەهەندێکی نەتەوەیی و ئینسانی تێدانییە. ئەوەی کوردستان پێویستێتی سیستمێکی پەروەردەیی نوێیە، کە بتوانێت لە زمانی نەوە نوێکانی کۆمەڵگەی ئێمە تێبگات و بە مێتۆدی زانستی نوێ گوشیانبکات، سیستمێکی سیاسییە کە ئامادەیی والاکردنی سنوورەکانی خۆی تێدابێت بۆ کۆمەڵێک پەیمان و ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی تازە. سیستمیکی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە کە نەوەی نوێ لە هەناوی هەموو دەزگا و دامەزراوە پلان و وێناکردنانیدا بەشدار و ئامادەبێت. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستمان بە سیستمێکی ڕێکخستنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی کراوە هەیە کە تێیدا هەرگروهـــ و لایەن و تاکێک بتوانێت دەربارەی خۆی و کێشە و خەوەنەکانی بدوێ و فەزایەکی سیاسی کراوەیان لەبەردەمدا بێت کێشەکانیان لە قسە و ئاخاوتنەوە بکەن بە بەرنامە و پراکتیکی چارسەرکردنیان. ئەمرۆکە کوردستان پێویستی بە زمانێک هەیە کە بە چەمکەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی و قازانج و بەرپرسیارێتی گشتی بدوێت. زمانێک کە چوارچێوەیکی نەتەوەیی دروستکات و تێیدا نەوە نوێکان هەستبکەن کە کاری ئەوانە جیهانی دوای دەهەیەکی بەڕێوەبەرن و بەردەوامییەک بدەن بە مێژوویەک، کە ئەوان لە ئێستاوە یەکێک لە گەمەکەر و بکەرە سەرکییەکانی ناوین.

گەر ئەم خاڵە وردتر بکەینەوە، دەکرێت بڵێین، کۆڵەکەی سەرەکی ڕێکخستنی سیستمێکی

کۆمەڵایەتی و سـیاسـی کراوە لە کوردسـتانی سـبەینێدا دواندنی ئەم نەوەیەیە و تێگەیشتنە لە کێشە و خواست و خەوەنەکانی. ئەرکی گوتاری سیاسی نوێ ئەوەیە کە ببێتە زمانی قسەکردنی دەسەڵاتێکی شەرعی لەگەڵ هاووڵاتییەکانیدا؛ ئێمە لێردا زۆر بە توندی پێ لەسـەر چەمکی هاووڵاتی دادەگرین و دەیکەینە ئەلتەرناتیڤی ئینتیمای حیزبی و ناوچەیی و خێڵەکی. کە دەشـڵێین هاووڵاتی، مەبەسـتمان هاووڵاتیی ئازادی خاوەن ئیرادە و خەوەن توانای هەڵبژاردنی سـەربەخۆیە. غیابی چەمکی هاووڵاتی لە گوتاری سیاسی کوردیدا غیابێکی ترسناکە و لەپشتییەوە پرۆسەیەکی گەورەی بێبەریکردن و دابڕاندنی نەوەی نوێ لە بەشداربوون لە بڕیاردانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا ئامادەیە. بەردەوامبوون لە پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتەدا دەرئەنجامی کارەساتەوی لێدەکەوێتەوە و ململانی چاوەڕواننەکراو دەسـەڵاتی سـیاسـی دروسـتدەکات. گەر ئەمڕۆکە بە کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆری نەوەی نوێ ئەم قەیرانانە بەتاڵبکرێنەوە، سـبەینێ ئەم دەرگایە بەکراوەیی نامێنێت و کۆی ئەو کێشانە دەگەڕێنەوە بۆ ناو وڵات.

بێگومان هاووڵاتی و هاووڵاتیبوون چەمکەگەلێکی گرنگی فەلسەفەیەکی سیاسیین، کە کۆڵەکەکانی لەسەر عەدالەتی کۆمەڵایەتی ڕاوستاوە. بەبێ عەدالەتی کۆمەڵایەتی، ناکرێت قسـە لە چەمکی هاووڵاتی و لە خەونی بەهاووڵاتیبوون بکرێت. عەداڵەتی کۆمەڵایەتیش پێویستی بە سەرلەنوێ پێداچوونەوەی سەرمایەی ڕەمزی و شوێنگەی کۆمەڵایەتی و بناغەی هێزە دەسـەڵاتدارەکانی ناوی هەیە. لە کوردسـتانی ئێمەدا ناعەدالەتیەکی کۆمەڵایەتی و حیزبی و ناوچەیی و خێڵەکییانەی هێجگار گەورە هەیە، بنەبڕنەکردنی ئەم ناعەدالەتییانە لەڕێی دەسـتکاریکردنێکی ڕاسـتەقینەی یاسا و ئەخلاقیاتی سـیاسـی و سیستەمی پەروەردە و میکانیزمەکانی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی شێوازە جیاجیاکانی دەسەڵاتەوە دەستپێدەکات. لەم ئاستەشدا کوردستان پێویستی بە سیستمێکی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسی فەرهەنگی هەیە بە زمانێک بدوێت کە تەواو نوێ بێت؛ زمانێک کە بەناو لێپرسینەوەیەکی ئەخلاقی و سیاسی و نەتەوەیی بەرفرواندا تێپەڕێ و ڕووی لە ئایندەیەک بێت کە هەمووان بە ئایندەی خۆیانی بزانن. هەر لەم گۆشـەنیگایەشـەوە بە دەرئەنجامێکی زۆر سانا دەگەین: سیاسەت بۆئەوەی بتوانێت بەزمانی لاوان و گەنجانی وڵاتی ئێمە بدوێت، دەبێت خۆی گەنج ببێتەوە.

سـیسـتمی سـیاسـی دەبێت ئەو هەسـتە بە بەرپرسـیارێتی لای لاوان دروسـتکات کە پاراستنی ئەم ئەزموونە پاراستنی کۆمەڵێک سوود و دەسکەوت و قازانجی کۆمەڵایەتی و تازەکردنەوە بەرفراوانکردن و بەختەوەرکردنی جیهانی ئەوانە. نەوەی نوێ دەبێت ئەو هەستەی لادروستببێت کە بەرگریکردن لەخۆی مانای بەرگریکردنە لەم ئەزموونە، نەک بەپێچەوانەوە لەنێوان بەرگریکردن لە خۆی و بەرگریکردن لەم ئەزموونە ناکۆکییەکی گەورە ببینێت و تاقە چارەسەریشی سەرهەڵگرتن بێت. مرۆڤ ڕۆحی هاووڵاتیبوونی تێدا دروستنابێت گەر هاتوو چوارچێوەیکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەئارادانەبێت، پێشوەخت

کۆمەڵێک ماف و دەسـکەوت و هەڵومەرجی عەدالەتخواز و مژدەی واقیعییانەی بۆ دروستنەکرابێت. چونکە دروستبوونی هەست بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر ئەو دونیایەی تێیدا دەژین بە نەسیحەت و وەعز و بەڵین و مژدەی ئایدیۆلۆژییانە نایەتەدی، بەڵکو بە ئامادەگی چوارچێوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی دێتەکایەوە کە مرۆڤەکان لە ناوەیاندا بتوانن بە پشـتئەسـتووربوون بە کۆمەڵێک ماف و پێدراوی پێشـین، ژیانی خۆیان ڕێکخەن مانایەک بەبوون و بەختەوەری خۆیان ببەخشـن. هاووڵاتیبوون چەند ئەرک و قورسـاییەکی مەعنەوییە کە مرۆڤ ووشـیارانە دەیخاتە سـەرشـانی خۆی، بەهەمان ئەندازەش دەرئەنجامی بوونی کۆمەڵێک مافی مەدەنی سـەرەتایی و پێشـوەخت پێدراوە لە فۆرمی چوارچێوەیەکی تایبەتدا بۆ ژیانی تاکەکەسـی و کۆمەلایەتی. تەنها لە هەڵومەرجێکی تایبەتی لەم بابەتدایە گەنجان دەتوانن گەشـەکردن و پێشـکەوتنی خۆیان ڕاستەوخۆ ببەستنەوە بە پاراستنی ئەو چوارچێوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەوە کە لەناویدا دەژین.

خاڵێک کە دەبێت لای هەر حیزبێکی سیاسی لە کوردستاندا ئاشکرابێت، بەتایبەتی دوو حیزبە گەورەکە، ئەو ڕاستییەیە کە لە پشتی چوونی ژمارەیەکی بەرێژە گەورەی خەڵک بۆناو ڕیزەکانی ئەم دوو حیزبە، لەپاڵ پاڵنەرە ئایدیۆلۆژی و عەقایدییەکاندا، جۆرێک لە ناچاری و جەبری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەمنی ئامادەیە. مۆنۆپۆڵکردنی ئابوری و دەسـەڵات و هەڵومەرجی گەشـەکردنی کۆمەڵایەتی و میهەنی و هتـد... وایکردوە ژمارەیەکی گەورەی خەڵک لەناو دەزگاکانی حیزبدا دەسـبەکاربن، ئەمەش بۆ حیزبێکی سیاسی کە خەمی ئایندە و نەوەکانی دواتر و خەمی ڕاستەقینەی خۆشی بخوات، نەک جێ دڵخۆشـی نییە، بەڵکو دەبێت سـەرچاوەی ترس و دڵەڕاوکێ و خولیای گۆڕانی گەورە گەورە بێت. هەر لەم سیاقەشدا با جارێکی دیکەش پێ لەسـەر ئەو خاڵە داگرین، کە هیچ حیزبێکی سـیاسـی کوردی چیدی ناتوانێت تەنها لەسـەر ڕابردووی خۆی و گەورەیی گۆرسـتانی شـەهیدەکانی بژی. زۆربەی ئەوانەی لە سـەرەتای هەشـتاکاندا لەدایکبوون نە بەعس و نە ڕابردووی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان ناناسن. لەڕاستیدا ناسـینی ئەم دووانەش بۆ ئەم نەوە نوێیە بەس نییە بۆ ئەوەی بیانکاتە بوونەوەریکی بەرپرسـیار و وایانلێبکات هەسـت بە هاووڵاتیبوونی خۆیان بکەن. ئەم نەوەیە خەیاڵێکی سـیاسـی و حەیاڵێکی کۆمەڵایەتی و تـا ڕادەیەک مەعریفەی جیاوازی هەیە. ئەو ڕووداوانەی کە لە دەسـاڵی ڕابردوودا، خەیاڵی سـیاسـی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی ئەم نەوەیە دارشـت، بریتیین لە ڕووداوە کوشـندەکانی شـەڕی ناوخۆ و ئەو سـیاسـەتی پاکتاوکردنی سیاسییەی بەجێیهێشـتووە، لەپاڵ ئەمانەشدا ئەو ناعەدالەتییە گەورەیە کە پرۆسەی بە حیزبیکردنی کۆمەڵگای لە کوردستاندا بەرهەمیهێناوە، نەمانی زۆر حەرامی سیاسی و ئەخلاقی کۆمەڵایەتی دیکەش وێنەکە تەڵختر و ترسناکتر دەکات. ئەوەی ئێمە دەمانەوێت لێردا جەغتی لێبکەین ئەوە ڕاسـتییەیە، کە ئەم نەوە تازەیە هاتۆتە سـەر ئەم

پاشخانە تایبەتە، نەک ڕابردووی سیاسی بەعس و حیزبە سیاسییەکان کوردستان.

لێرەوە فرۆشــتنی ڕابردوو بەم نەوەیە تاقە شــتێکە کە کارناکات و، پڕکردنی میدیاکانی حیزب لە حیکایەتی ســــەروەری خودی حیزب و ســــەرکردە و ئەندامەکانی، جگە لە گەورەکردنی مەسافەی دابڕانی نێوان ئەم نەوە نوێیە و دەسەڵاتداران و نەوەی کۆن لە کوردستاندا هیچ دەرئەنجامێکی دیکەی نابێت. ڕابردووی حیزبەکان تەنها لە کاتێکدا مانا پەیدادەکات کە ئێستا و ئایندەی ئەو نەوەیە بە کۆمەڵێک مژدەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بارگاویکات. تەنها لەبەردەم کۆمەڵێک مژدەی واقیعیدا بە ئایندەیەکی جوان، ڕابردوو مانایەک پەیدا دەکات. حیزبێکیش گرەوە سیاسی  و کۆمەڵایەتییەکان دەباتەوە، کە دامەزراندنی شــــەرعییەتی خۆی لەســـــەر مۆڵکایەتی ڕابردوویەکی خەباتگێڕەوە بگوازێتەوە بۆ خەبات لەپێناوی بنادنانی ئایندەیەکی ئاســـــوودەی فردەنگ و ڕەنگ. جگە لەم خاڵە هەر حیزبێک بخوازێت ئایندە بباتەوە، دەبێت ببێتە دەرهێنەرێکی نەتەوەیی و ڕابردوو لەوە دەرکات کە ڕابردوویەکی حیزبی بێت. بەبێ ئەم گۆڕانە لە ســــیاســــەتی یــادەوەری و بەبێ بەدیموکراتیزەکردنی یــادەوەری نەتەوەییمــان و ڕیفۆرمی کۆی سیستمی ڕێکخستنی کۆمەڵگەکەمان، زەحمەتە سەرەتاکانی سیاسەتێکی ڕاستەقینە و عەقڵانی لە کوردستاندا دامەزرێنین، کە نەوە نوێکانیش  خۆیان بە درێژکراوەی بزانن و بەشێوەیەک لەشێوەکان وەک موڵکی خۆیان ببینن. سیاسەت لە وڵاتی ئێمە ئەبێت ئیدی پرسیارێکی ڕۆشنگەرانە بکات و لەدوای ئەو هەموو کارەساتەوە بپرسێت: چۆن بتوانین بەختەوەری و ســــەربەخۆیی و عەدالەت بۆ هەمووان دەســــتبەرکەین؟ تەنهــا لە وەمەڵادانەوەیکی ڕاستەقینەی ئەم پرسیارەدایە نەوە نوێکان دەتوانن خۆیان بە بەشێک لەو دنیایە بزانن کە ئەمرۆ ناوی کوردســــتانە، نەک بە لێشــــاو وڵات بەجێبهێڵین و لە جوگرافیاکانی تردا بەدوای بەختەوەری و شوناس و هاووڵاتیبووندا بگەڕێن.

**لێپرسراوانی ژمارە**

## ژماره ١٤-١٥

له بڵاوكراوەكانی نیوەندی ڕەهەند بۆ لێكۆڵینەوەی كوردی

لێپرسراوانی ئەم ژمارەیە: ئاراس فەتاح- بەختیار عەلی- مەریوان وریا قانیع

لێپرسراوی ئاوێنە بچكۆلەكان: هیوا قادر

**بابەتەكانی ئەم ژمارەیە:**

- هەڵوێستە
- ئاراس فەتاح: ئەنتەرنێت و گۆڕانی كۆمەڵگا
- بەختیار عەلی: كۆچ بەرەو ناشوێن (بەشی دووەم)
- مەریوان وریا قانیع: عەلمانییەت و ئایین
- دارا مەحمود: هێرمێنۆتیك و پرۆسەی خوێندنەوە و نووسین
- دانا ڕەئوف: هەندێ لە ساتەوەختەكانی واقع
- گفتوگۆیەك لەگەڵ د. یوسف سەلامە؛ سازدانی: سەلاح ئەحمەد
- گفتوگۆیەك لەگەڵ د. محەمەد ئاركۆن؛ سازدانی: هاشم ساڵح. وەرگێڕانی: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
- دیدارێك لەگەڵ د.فالح عەبدولجەبار؛ سازدانی: ئارام سەعید
- بەختیار عەلیێ: خوێندنەوەیەك لە دەمامكە فەلسەفییەكانی ئیسلامی سیاسیدا

ڕووناك فەرەج: تاك لە كۆمەڵگەی كوردیدا

ئاوێنە بچكۆلەكان

## هەڵوێستە

گومانی تیا نییە گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی عێراق ڕەنگدانەوەیەکی قووڵی لە ژیانی سیاسی و کولتووریماندا دەبێت، ڕوخانی سەدام حوسەین ئەو خەونەبوو کەساڵەهای ساڵە دەمانبینی. خەونێک، منداڵی و گەورەییمانی داگیرکرد، لەگەڵیدا گەورەبووین، لەگەڵ خۆماندا تا مەنفاکان هەڵمانگرت، بووە بەشێکی نەگۆڕ لە هەر وێناکردنێکمان بۆ ئایندە، ئاواتەکانمان لەزۆر سەرەوە پابەستی ئەو ئاواتە بوو، پڕۆژەکانمان پابەستی ئەو پڕۆژەیە بوو. ڕوخانی سەدام خەونێک بوو تێکەڵ بە ئەفسانە، لە سروشتی خەونە ئاساییەکان دەرچوو، ئەو هەتا سنووری ئەفسانە کۆییەکانیش تێپەڕی و بوو بەو خورافەتەی دەبایە تا ڕۆژی وەدیهاتنی هەموو ژیان بوەستێت، دەبایە واقیع و فاکتەکانی سەر زەمین بێدەنگ بن تا ئەم ئەفسانەیە دێتە دی. ڕوخانی سەدام کە ساڵانێکی درێژ سروشتی موعجیزەی وەرگرتبوو، سروشتی موعجیزەشی بەخشیبووە هەموو ئاواتە بچوکەکانمان، ئەو کۆی دونیای بەخۆیەوە گرێدابوو، بەجۆرێک بەر لە مردنی نەدەکرا بیر لە ژیان بکرێتەوە و دنیایەک وێناکرێت لە دەرەوەی ئامادەگی خوێنینی دنیاکەی ئەودا.

ئەم دیکتاتۆرە دوای ڕۆستنی کۆمەڵێک خەون و واقیعێکی تێکشکاوی بۆ جێهێشتین ، دەرگای زیندانەکانی کرانەوە و کۆمەڵێک مرۆڤی لێهاتنەدەر، کە پێویستیان بە ماوەیەکی درێژ و هەوڵێکی گەورە هەیە بۆ ڕاهاتنەوە بە ژیان. خودی واقیعی عێراقیش ڕێک وەکو دۆخی ئەو زیندانیانە وەهایە کە بە ماندوێتی لە تاریکستانەکانی ئەو دیکتاتۆرەوە هاتنەدەرێ، جیهانێکە پڕ لە خەون، بەڵام ماندوو و تێکشکاو. عێراقی ئێستا دونیایەکە برکرو بە چەندان هێز کە لە زۆر سەرەوە بەرهەمی عەقڵانییەت و کولتوورو خەیاڵی سیاسی قۆناغی بەعسن، بە چەندەها سەر و لە چەندەها ڕێگاوە دەچنەوە سەر ئەزموونی ناشیرینی بەعس، دەیانەوێت ژیان وەک ئەو کۆنترۆڵبکەن، دنیا وەک ئەو دروست بکەنەوە، ئینسان بەهەمان ئەندازە بچووک ڕاگرن وەک ئەو. ئەم هێزانە خەون بە داخستنی دەرگای سینەماکانەوە دەبینن، لە خەیاڵی پەچەپۆشکردنی کۆمەڵگادان، دەیانەوێت زانکۆکان بکەنە خانەقا و مزگەوت. یان هێزگەلێکی دی کە عێراق لە شوناسێکی عەرەبیدا بەنددەکەن و جگە لە جێگایەکی پەراوێزی بۆ شوناسەکانی دی هیجی تر بە ڕەوا نابینن. هێزگەلێک لە پەنجەرەکانەوە دەمانبەنەوە ناو هەمانماڵی سەدام حوسەین.

بەڵام دونیای دوای سەدام پڕە لە ئەگەری دیکەش کە پێویستییان بە هەوڵ و کۆشش و ماندووبوونێکی گەورە هەیە بۆ بەرجەستەبوونیان، یەکێک لەو ئەگەرانە گۆرینی عێراقە لە قەوارەیەکی جوگرافی بەزۆر دروستکراوەوە بۆ نیستیمانێکی هاوبەش، نیشتیمانێک تێیدا عێراق

نەبێتە مایەی زەوتکردنی مافی تاک و گروپ و نەتەوەکانی ناوی، بەڵکو ببێتە بوونێکی کراوە بە ڕووی هەمەڕەنگی و جیاوازی و ئازادیدا. عێراقییەتێک کە لە بری ئەوەی بە سوپا و زیندان و دەزگا ئەمنییەکان بپارێزرێت، بە دەستوورێکی دیموکرات، بە دابەشکردنی دەسەڵات، ڕێزگرتنی تەواوی مافەکانی مرۆڤ بپارێزرێت.

دیارە ڕۆڵی کوردستان و ئێمەی کورد لە داڕشتنی ڕوخساری داهاتووی عێراقدا دەکرێت جەوهەری بێت. بە حوکمی دوازدەساڵ دووری لە دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی بەعسەوە، تێڕوانینی خەڵکی کوردستان بۆ ژیانێکی خاڵی لە سەدام حوسەین لە بەشەکانی دیکەی عێراق گەورەترە. ئەمە جگە لەوەی کوردستان لەهەر شوێنیکی دیکەی عێراق پتر بەر زەبری بەعس کەوتووە، قوربانیانیش لە هەرکەس زیاتر لە جەلاد تێدەگەن. لە دوای هەرەسی دیکتاتۆرییەت ئەوانەی پتر ژێردەستبوون، ئەوانەی زیاتر قوربانی بوون، دەبێت زیاتر لەوانی دی هەڵگری پڕۆژە ئەلتەرناتیڤەکان بن. تەنیا تەنیا ئاسۆ لەبەردەم قوربانیدا ئەوەیە کە لە تەواوی هاوکێشەی جەلاد و قوربانی بچێتەدەرێ، دونیایەک دروست بکات نە تیایدا ببێتە جەلاد نە ببێتەوە بە قوربانی. بۆ ئەوەی قوربانییەکان ئازادبکەین، دەبێت جەلادەکانیس ئازادبکەین، دەبێت هەموو ئەوانەی کینە و توندوتیژی و ژێرپێخستنی ئەوانی دی فێربوون، ئەزمونی خۆیان بکەنە ئەزمونێکی دی، لەسەرەتاوە فێرببنەوە، دوبارە بسووتێن و زیندووببنەوە، مێژوویەک بژین لە دەرەوەی مێژووی جەلاد و قوربانیدا، مێژوویەک بە ئینسان ئینسانیەت و بە ژیان بەهایەک ببەخشێت کە نەکرێت لەژێر هیچ ناونیشانێکدا پەلامار بدرێت و سووکایەتی پێبکرێت.

ئەزموونی بەعس ئەزموونی شێواندنی جەستە و ڕۆحی هەموو مرۆڤەکانی ناو عێراقە، بە جەلاد و قوربانییەوە، ئەوەی ئەمڕۆ کە پڕۆسەیەکی گەورە و گرنگی هەموو بنیادنانەوەیەکی عێراقە، دروستکردنەوە و بیناکردنەوەی ڕۆحییانەی ئەوانەشە کە بەعس بە ناڕاستەوخۆ کردونی بە هاوبەش و هاویاری خۆی. ئەگەر ئازادی لە فەرهەنگی ئێمەدا پتر وشەیەکی ناو بەلاغەت بووبێت، وشەیەک کە لە مانایەکی کۆنکرێت و هەستێکی ڕاستەقینە و ئەزموونیکی فەردیدا بەرجەستەنەبووبیت، ئەوا ئێمەی کورد بەوەدا قوربانی گەورەین، دەکرێت پتر لە هەر گروپێکی دیکەی ناو عێراق بەرجەستەکەری ماناکانی ئازادی و ئەلتەرناتیڤەکانی بەعس بین، لێرەوە نوشوستی ئێمە لە بەرقەرارکردنی شێوازێکی دیکەدا بۆ ژیان و لێبوردن و پێکەوەژیان ئاسەوارێکی کوشندەی لەسەر کۆی پڕۆسەی بە دیموکراتییکردن لە عێراقدا دەبێت.

ئەوەی لە ئێستادا دەکرێت تەواو بۆ داهاتوو سوودی لێببینین تێڕامانە لە هۆکاری نوشوستییەکانی دیموکراسییەت لە کوردستاندا، تا ئەم نووشوستییە لە ئاستی عێراق دوبارە

نەبێتەوە. گومانی تێدا نییە کوردســـتان مەڵبەندی یەکەم هەوڵی دیموکراســـی جدییە لە عێراقدا، بۆیە ڕامان لە کێشـــە و گرفتەکانی ئەم ئەزموونە تاکە ڕێگای بونیادنانەوەی داهاتووە. ئەوانەی نایانەوێت لە کێشە گەورەکانی ناو ئەزموونی کوردستان تێبگەن دوای کۆچی دەسەڵاتی بەعس لە ١٩٩١دا، ئەوانەن کە بەرابەر پاشـەڕۆژی دیموکراسـییەت لەو ناوچەیەدا کەمتەرخەمن. ئێمە هەموو دەزانین دیموکراســـییەت لە کوردســـتاندا بە تەنیا ســـەرناکەوێت، دیموکراســـییەت زنجیرەیەک ئەڵقەی پێکەوەگرێدراوە. زنجیرەیەک سیستمی وابەستەیە بەیەکەوە و پەیوەندییەکی چەند جەمســـەرە ئاســـتە جیاجیاکانی بەیەکەوە گرێدەدات، لێرەوە ئەزموونێکی خراپی دیموکراسـییەت دەشـێت دەرئەنجامی ترسـناکی لەسـەر کۆی پرۆسـەی بە دیموکراسـیبوونی عێراق هەبێت. دیموکراســـییەتیکی کارتۆنی لە کوردســـتاندا، دەبێتە هەوێنی دیموکراســـییەتیکی کارتۆنی لە عێراقدا، لێرەوە ئاوڕدانەوەیەکی گەورە لە دۆخی دیموکراســـییەت لە کوردســـتاندا، مەرجی سەرەکییە بۆ بیرکردنەوە لە داهاتووی عێراق.

ئەمڕۆ داڕشـــتنی بەرنامەی ڕیفۆرمێکی ڕادیکاڵی دیموکراســـییانە لە کوردســـتاندا لە هەرکات پێویستترە، ڕیفۆرمێک لە سیستمی پەروەردەی سەرەتاییەوە بیگرێتەوە تا سیستمی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادگاکان. ڕیفۆرمێک بوێرانە دەستبداتە ڕوخانی ستراکتورە کۆنەکان، لە ڕێگایەوە هەیمەنەی حیزڤ لەســـەر دەزگاکانی دەوڵەت و ڕاگەیاندن و ئابوری هەڵگرێت. زامنی جەنگ بێت لەگەڵ فەســـادی ئیداری و ئابووریدا، ڕێگا بۆ هەلبژاردنێکی ســـەرتاســـەری بکاتەوە، کولتوورێکی سیاسی نوێ سەروەرکات کە لەسەر شەفافیەت و ڕیزگرتنی جیاوازی کاربکات. ئەمێســـتا ئەو ســـاتەیە کە کۆمەڵگای مەدەنی ئێمە لە ســـەرخاشـــاکی فاشـــییەت لە دایکبوونێکی ڕاســـتەقینە لەدای ببێت. بەڵام دەبێت بزانین کە ئێمە لە کوردســـتاندا تاکە گرفتمان کێشـــەی ســـڕینەوەی ئاســـەواری بەعســـیزم نییە، بەڵکو بۆئەوەی بیســـەلمێنین لە ســـڕینەوەی ئاســـەواری بەعســـیزمدا ڕاســـتگۆین، دەبێت لە ســـڕینەوەی ئاســـەوارەکانی شـــەڕی ناوخۆوە دەســـتپێبکەین. کە تائەمڕۆ ســـێبەری خۆی بەســـەر کۆی زەینی ســـیاســـی ئێمەدا کێشـــاوە. بە مانایەکی دیکە ســـڕینەوەی ئاســـەوارەکانی بەعســـیزم دەبێت هاوشـــانبێت بە ســـڕینەوەی ئاسەوارەکانی ئەو کولتوورە سیاسییەی دیکەش کە ساڵەهایە لە کوردستاندا چەمک و دید و ماناکانی لەنێوان ناکۆکی سیاسی بەرتەسک و شەڕی ناوخۆدا دەچێنێت. لەڕاستیدا بەشی هەرە زۆری ئەو داواکارییە دیموکراســـییانەی لە عێراقدا داوادەکرێت، بۆ کوردســـتانیش پێویســـتە، نیســـاندانی کوردســـتان وەک دەڤەرێکیدیموکراس کە کێشـــەکانی لە کێشـــەکانی دیکەی عێراق ناچێت، نیشـــاندانی گرفتی دیموکراســـییەت وەک گرفتی عێراقی عەرەبی کە ئێمەی کورد ناگرێتەوە، لۆژیکی ئەوەی گوایە دیموکراسییەت لە کوردستان بەرکەماڵە سەرەڕای ئەوەی کە

ناوچەیەکی دواکەوتووە و گەر ئەم دیموکراسییەتە گرفتێکیشی هەبێت ئەوا لەم دواکەوتنەوە سەرچاوەی گرتووە. بەهەڵەماندا دەبات. ڕووبەڕوونەبوونەوەی ڕاستەقینەی کێشەکان و درێژەدان بەسیاسەتی خۆفریودان زەبری کوشندە لە داهاتووی خۆمان و نەوەکانی ئایندە دەدات.

لە ڕوویەکی دیکەوە، کۆشش بۆ دیموکراسییەت لە کۆشش بۆ تازەگەری جیاناکرێتەوە، دیموکراسەکان هەمیشە تازەگەرن. لە هەناوی دونیای کۆنەوە، لە قووڵایی سەدە تاریکەکانەوە، لەو ڕۆژگارانەوە کە چ تیشکێکی ڕاستەقینەیان تیا نادرەوشێتەوە، یەکسانی و برایەتی نایەتەدەری، لێرەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان دوژمنانی تازەکردنەوە دوژمنانی گۆڕان دوژمنی ڕاستەوخۆی دیموکراسییەتیشن. دیموکراسییەت نە ڕابوردووە و نە ئێستا، بەڵکو داهاتووە، بۆیە هەر هێزێک بۆنی داهاتووی لێ نەیەت، بۆنی دیموکراسییەتیشی لێنایەت.

دیموکراسییەت لە گۆڕینی شێوەکانی بیرکردنەوەوە دەستپێدەکات، دووبارەکردنەوەی دوێنێئیرادەیەکی ئەوتۆی ناوێت، بەڵام هێزێکی مەزنمان پیویستە بۆئەوەی دوێنێ دووبارەنەکەینەوە. ئازادیی هەمیشە سەختترە لە کۆیلەیەتی، مرۆڤی ئازد ئەو کەسەیە کە دەتوانێت ئەو نامۆبوونە بشکێنێت کە لەنێوان خۆی و جەوهەری ئینسانیانەیدا دروستبووە، کەسێکە دووبارە بیردەکاتەوە، بۆیە دەتوانێتداوا لە کۆمەڵگا بکات دووبارە بیربکاتەوە، کەسانی ئازاد بەر لە کۆمەڵگای ئازاد لەداکدەبن، کەسانێک کە خەیاڵیان لە بەردەم دیدو خەیاڵی دەستەجەمعییدا ئیفلیجنابێت، وەک چۆن خەونی ئەوەشیان نییە دیدو خەیاڵی خۆیان بەکەنە ئەلتەرناتیفی کۆی دیدو خەیاڵی کۆمەڵگا، بەڵکو ئەوان لە ناوکۆیی هەوڵێکی گشتیدا چالاکدەبن. دیموکراسییەت بەرلەوەی پێویستی بە هێزی سیاسی بێت، پێویستی بەوانە هەیە کە دووبارە بیردەکەنەوە. دیموکراسییەت لەو خاڵەوە دەستپێدەکات کە بیرکردنەوەی قووڵ تیا دەستپێدەکات، بیرکردنەوەیەک کە بە ئاڕاستەی ئازادژردنی خۆی کاردەکات، عەقڵێک کە ڕووەو شکانی کۆتەکانی خۆی دەبزوێت. بۆشکاندنی هەر ئەڵقەیەک لە ئەڵقەکانی ستەمگەری لە مەچەکماندا، پێویستیمان بە شکاندنی دۆگمایەک لە دۆگما کۆنەکان هەیە لە عەقڵماندا، ستەمگەری و دۆگمای فیکری دوو هاوڕێی هەمیشەیین.

لە سایەی تەسکبیری سیاسی و هەژاری فیکرییەوە، دیموکراسییەتێکی هەژارو پڕ لە فێڵ دادەمەزرێت. دیموکراسییەتێک بێ نوخبەی ڕۆشنبیر، بێ ڕۆشنبیرییەکی بزێو، بێ فیکرێکی ئامادە لەسەر دیاردەکان، بێ هێزێکی ڕەخنەگەر کە لە فیکردا جیهان بەشێوەیەکی نوێ بنیادبنێتەوە. لە بری ئەوەی ببێتە هێزێکی دامەزرێنەر بۆ شارستانییەت، دەبێتە فەزای

پارچەپارچەبوونێکی کۆمەڵایەتی قووڵ، لە بری ئەوەی ببێتە ئەو شـــوێنەی تیایدا جیاوازییەکان یەکتر دەوڵەمەنـدبکەن، دەبێتە فەزای لەیەکترازان و دوورکەوتنەوەی جیـاوازییەکـان، لە بری ئەوەی ببێتە فەزای کـاری هـاوبەش بۆ دوو هێزی جیـاواز، دەبێتە شـــوێنی گەڕانەوە و گەورەبوونی دیکتاتۆرییەت. دیموکراسییەتی هاوڕێ بە نوخبەی ئیفلیج، هاوڕێ بە کەمتەرخەمی دەرهەق بە فیکر دەبێتە ئەو قۆناغی ئاژاوەیەی کە شـــەرعییەت دەبەخشـــێتەوە بە گەڕانەوەی دیکتاتۆرەکان. لەنێوان نوخبەی فیکریی ئیفلیج و شـــێوە جیاوازەکانی دیکتاتۆریەتدا پەیمانێکی ئەبەدی هەیە.

لەم دیدەوە ڕۆڵی ڕۆشـــنبیران و فیکر لە دامەزراندنی دیموکراســـییەتدا بەخشـــینی جەوهەرو مانایە بەو پرۆســـەیە، زۆرن ئەو ڕەهەندانەی کە ســـیاســـەت لە دیموکراســـییەتدا ناتوانێت سـەقامگیریان بکات، زۆرن ئەو نرخ و بەها ڕۆحی و مەعنەوییانەی سیاسەی ناتوانێت لە سیستمی ژیانی تاکەکەسیدا بیانچەسپێنێت. سیاسەت لە باشترین دۆخدا "گەرچی لە ولاتی ئێمەدا لە دۆخیکی هێجگار خراپدایە"، ناتوانێت ســیســتمی دیموکراســی بگەێنێتە تەواوی توانا ناوەکییەکانی، بۆیە دیوکراســییەت بەبێ ڕۆشــنبیرییەکی ئازاد جگە لە شــێوەیەکی مۆدێرن بۆ خێڵەکێتییەکی کۆن شتێکی دی نابێت.

ئەوەی ئێمە لەم قۆناغەدا خەونی پێوەدەبینین، هەر هەمان ئەو خەونەیە کە لەســەرەتاوە ئێشـمان لەسـەرکردووە. داوای نوێکردنەوە ڕۆشـنبیری کوردی، دەرهێنانی ئەم ڕۆشـنبیرییە لە تاریکســـتانەکانی خۆی، بۆ مانا، بۆ نرخ. ببێتە هێزێک خوێندنەوەکانی زانســـتێکی کۆمەڵایەتی و تەرزێکی ئیستاتیکی قووڵی لەسەر بونیادبنرێت، پاشکۆی هیچ دروشمێک نەبێت کە لە قووڵایی ئیشـــی تیوریی خۆیەوە هەڵنەقوڵابێت، پاشـــکۆی هیچ هێززێک نەبێت کە تەنیا بە جەهل و کەلەپوورەکەی ئیشـــبکات. خەونی ئێمە بەردەوام خەونی تازەکردنەوە بووە، تازەکردنەوەی فیکریشمان بە سەرەتای تازەکردنەوەی شتەکانی دیکە زانیوە.

ئەوەی ئێســـتا دەتوانین جەغتی لەســـەربکەین هەر ئەوەیە کە لەســـەرەتاوە جەغتمان لەســـەرکردووە، ڕۆشـــنبیران ڕۆڵیان ئەوەیە، ئەوەی نەبینراوە بیهێننەوە ناو ئاســـۆکانی بینین، ئەو ڕەهەندانەی فەرامۆشـــکراون بخەنەوە نـاو ســـنووری تێفکرین... چونکە دیموکراســـییەت زیندووکردنەوەی گوتارە چەپێنراوەکانە، ســـەردەرهێنانەوەی ئەو بابەتە تابۆ و قەدەغانەیە کە ســـاڵانێکی دوورودرێژ لە یادکراون. دوای ڕوخانی ســـەدام پتر پەیوەندی نێوان دیکتاتۆرییەتی فیکری و دیکتاتۆرییەتی سـیاسـی دەبینین، پتر پەیوەندی نێوان حەرامە فیکری و حەرامە سیاسییەکان دەبینین، لێرەوە ڕوخانی سەدام هۆکارێکی

گرنگە پتر لەســـەر فراوانکردنی ڕەهاندە فیکرییەکانی ڕۆشـــنبیریی خۆمان پێدابگرین و دروستی ئەو میتۆدە ببینین کە لەسەرەتاوە کارمان پێکردووە.

ئێمە داهـاتوو وەک دونیـایەکی پڕئەگەر و ئومێد تەمـاشـــــادەکەین کە تیـایدا دەتوانین ئازادانەتر بۆ خەونەکانی خۆمان ئیشــبکەین، دەشــمانەوێت ئەم ســاتی هیوایە بە هەموو هێز و ئەگەر و تواناکانی خۆیەوە بژین، دیارە ئاگادارین هەمیشـــە گرفتەکان لە ئێمە گەورەترن، ئاگادارین بۆ گۆڤارێکی کەمدەرامەت و ســـەختگیر لە میتۆدی ئیشـــکردنی خۆیدا، هەموو ئەم شـتانە ڕەوتی کارکردنمان بە شـێوەی ترسـناک خاودەکاتەوە، دیارە بەردەوام هەوڵمانداوە ئەوەی لە ڕەهەند ناتوانین ئەنجامیبدەین، بە چالاکی دی لە دەرەوە پـڕیـبـکەیـنەوە، بەڵام خـودی ئەم گـۆڤـارە و نـرخە ڕەمـزیـیەکەی وادەکـات لەگەڵ زینـدووبوونەوەی ئومێـدەکـانەوە پتر کـاری بۆبکەین. هیوادارین ڕەهەنـد بتوانێـت بە ئەندازەی گەورەیی خەونەکانی کاربکات، نەوەک بە ئەندازەی بچوکی بەرتەســکی تواناو ئەگەرەکـانی بەردەمی. بە ئەنـدازەی قووڵیی خۆی کـاربکـات، نەوەک ئەنـدازەی ئەو ڕووبەرە چکۆلانە و ســەختەی ژیان کە بە ئەســتەم بواری هەناســەدانی جێدەهێڵێت. ئەم ژمارەیەی ڕەهەند بەڵێنی ئێمەیە بۆ تازەکردنەوەی ئەو پەیمانە گەورەیە لەگەڵ ئومێد و ژیان و خوێنەردا بەستوومانە.

## ژمارە ١٦-٢٠٠٤/١٧

**بابەتەکانی ئەم ژمارەیە:**

- هەڵوێستە

- شاهۆ سەعید: کۆمەڵگای گەنج/کۆمەڵگای پیر

دەربارەی سۆسیۆلۆجیای تەمەن و دەرکەوتەکانی لە کۆمەڵگای کوردیدا

- بەختیار عەلی: شەهید

لێکۆڵینەوەیەک لەسەر بەکارهێنانە سیاسییەکانی مەرگ

- ئاراس فەتاح: شوناس و ململانێ لە کۆمەڵگای دوای جەنگ

- مەریوان وریا قانیع: نەتەوە و ناسیۆنالیزم

- بەکر ئەحمەد: هەولێری

گوتارێک بۆ داشۆرین و گاڵتەپێکردن، یان ئاوێنەیەک بۆ لەخۆڕوانین

- مەجید عەزیز: ئەمریکا: تێڕامانێک لەسەر ووزە و ژیان لە کۆمەڵگەی ئەمریکی

- عەتا نەهایی: خۆکوژی ژنان و ڕازی هەڵبژاردنی ئاگر

- بەختیار عەلی: لە سەلەفییەتی چەپەوە بۆ سەلەفییەتی ڕاست

- ئۆڤە ڤیکستروٚم؛ بەشوێن ڤێکانی دۆستیۆفسکیدا، وەرگێڕانی لە سویدییەوە: ئاراس وەلی

- ئێران و ئەگەری ڕیفۆرمکردنی کۆمەڵگای ئایینی. دیالۆگێک لەگەڵ یۆرگن هابرماس

سازدانی: کریستیانە هۆفمان. وەرگێرانی لە عەرەبیەوە: بروا عەلادین

- ئاوێنە بچکۆلەکان

**هەڵوێستە**

ئێستا لەیەکێک لە ساتەوەختە هەرە گرنگەکانی مێژووی خۆماندا دەژین. لەدوای ڕاگەیاندن و ئیمزاکردنی ((یاسای کاتی))یەوە بۆ بەڕێوەبردنی عێراق، قۆناغێکی تازە لە ژیانی سیاسی ئەم وڵاتەدا دەستپێدەکات کە بە وەرچەرخانێکی گەورە لە مێژووی عێراقدا دەزانرێت و دەبێتە سەرەتای دەستپێکردن و تاقیکردنەوەیەکی تری پێکەوەهەڵکردن و گونجان و پێکەوەژیانی کۆی ئەتنی و مەزهەب و تەوژمە سیاسییە جیاوازەکان. ئەمڕۆ بناغەیەکی تازە بۆ ئەو گونجان و هەڵکردن و پێکەوەژیانە دارێژراوە، کە بەراورد بە ڕابردووی عێراق بە دەستکەوتێکی سیاسی دادەنرێت. هیچ دەستکەوتێک لە مێژووی هاوچەرخی بزوتنەوەی سیاسی کوردستانیشدا هێندەی ئەم یاسایەی بۆ کوردستان دەستەبەر نەکردووە و لەمڕوەوە بە یەکێک لە خاڵە پۆزەتیڤەکانی ناو مێژووی ئەم

بزوتنەوەیە دادەنرێت. ڕاســـــتە وتووێژەکانی ناو ئەنجومەنی حوکم دوور لە ئاگاداری خەڵکی و لە ناو ژووورە داخراوەکاندا بەڕێوەدەبران، ڕاســــتە کەمترین زانیارییان لە بارەی وتووێژەکانەوە بە خەڵکی ڕادەگەیاند، ڕاستە نوێنەرانی کورد کەمترین لێدوانیان لەسەر مەسەلەکان بە خەڵکی کوردستان دەدا و دواجاریش ڕاســــتە کەســــیش تا دەرچوونی یاســــاکە نەیزانی نوێنەرانی کورد چ پرۆژەیەکیان پێشــکەشــکردووە و بەندەکانی چین، بەڵام پاش دەرچوونی یاســاکە کەمێک دڵنیابووین کە نوێنەرانی کورد لە داڕشتنی یاساکەدا و دەرهەق بە هەندێک بەندی گرنگ وریابوون. یاسا کاتییەکە بۆ یەکەمجار بەشێوەیەکی ڕەسمی و ڕاشکاو دان بە نەتەوە جیاوازەکانی عێراقدا دەنێت و بۆ یەکەمجار لە مێژووی سیاسی ئەم دەوڵەتەدا عێراق وەک دەوڵەتێکی عەرەبی پێناسناکات، بەڵکو بەتەنها گەلی عەرەبی عێراق بە بەشـێک لە نەتەوەی عەرەب دادەنێ. زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی ڕەسـمی دەوڵەت دەبن و کۆماری عێراقیش فیدراڵی دەبێت. هەموو ئەم خاڵانەش باس لە دروسـتبوونی عێراقێکی دی دەکەن کە ڕاســتەوخۆ پێچەوانەی ئەو مێژووە خوێناوییەیە کە عێراق لە بیســتەکانی ســەدەی ڕابردووەوە و تا لەناوچوونی ڕژێمی بەعس، تۆماریکردووە. لە هەموو ئەمانەش گرنگتر ئەم یاســایە کاتییە بۆئەوەی لە مناوەرە و تەڵە و فێڵی ئەو سـیاسـییانە ڕزگاری بێت کە نەک لەسـەر بناغەی بڕوابوون بە دیموکراتی، بەڵکو بۆ گەڕان بەدوای دەرفەتێکی باشـــتر و گونجاوتردا بۆئەوەی خواســــتە دیکتاتۆرییەکانیان ئاشکرابکەن، ئیمزای بەیانەکەیان کردووە، هەر لەسەرەتاوە کۆمەڵێک مەرجی گرانی بۆ دەستکاریکردنی بەندەکانی یاســاکە داناوە کە هیچ نەبێت لە ئاســتی دەســتووریدا لە گەرمەی ئەم جۆرە ســیاســەت و ســــیاســــییانە دەیپارێزێت. ڕێک ئەم بەندانەش بوونەتە مایەی ناڕازیبوونی ئەو هێزانە و بوونە هۆی دواخســــتنی ئیمزاکردنی بەیانەکە. ئەوەتا تائەمڕۆش بەردەوام خۆپیشــــاندان دژی ئەنجامدەدرێ. لە هەموو ئەو بەندانەش گرنگتر ئەو بەندەیە کە دەڵێت گەر سێ پارێزگا دەنگیان بە مادەکانی دەستووری هەمیشــەیی نەدا، ئەوا دەســتوور دەبێت ڕەتبکرێتەوە و ســەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە. ئەم بەندە زامنێکی گرنگی پاراستنی بەندەکانی ئەم یاسایە و دیموکراسییەتە لە عێراقدا، ئەگەر بەرجەستەببێت، فاکتەرێکی گرنگە بۆ پاراستنی کەمینەکان لە ستەم و دیکتاتۆریەتی زۆربە.

دیارە لە هەموو ڕێکەوتنێکدا کە لایەنەکانی بەخواسـت و داوای جیاوازەوە دەچنە سـەر مێزی گفتوگۆ، هەمیشــــە دەبێت ئەو لایەنانە ئامادەبن بۆ وازهێنان لەهەندێک خاڵ و لەدەســــتدانی هەندێک لە داواکارییەکانیان. لە دنیای دانوستاندا وتووێژێک نییە لەسەداسەدی خواستەکانی لایەنەکان بهێنێتە دی. بەتایبەتی لە دۆخێکدا کە شتێک لە هاوسەنگی تەرازووی هێز لەنێوان لایەنەکاندا هەبێت و هێزێک نەبێت شـتەکان بەزۆر و بەویسـتی خۆی بسـەپێنێت. لێرەوە ئامادەگی بۆ دۆڕانی هەندێک شـت و بردنەوەی هەندێک شتی تر لە ڕێسا سەرەکییەکانی دانووسان و لەڕاستیشدا سیستمی دیموکراسییە. بەڵام ئەو بەندوباوەی کە دەڵێت عەرەبی شیعە یاخود سوننە شتێکیان دۆڕاندوە، دەستبەرداری شتێک لە مافی خۆیان بوون، دوورە لە ڕاستییەوە، هێند هەیە کۆمەڵێک لایەنی دینی و ناسیۆنالیستی بەردەوام دانان بە مافی ئەوانی دیدا بە لەدەستدان و دۆڕانی سیاسی دەزانن. ئەوەش کارێکە دووروونزیک پەیوەندی بە دیموکراسییەوە نییە و لەئایدۆلۆژیایەکەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەیەوێت هەموو شتەکانی هەبێت و ڕێز بۆ داخوازیی هێزەکانی تر دانەنێت. ئەم قســــەکردنە زۆرە لەســــەر دۆڕان و دەســــتبەرداربوون هەڕەشەیەکی گەلەک ترسناکە لەبەردەم ئەم یاسا کاتییەدا.

ئێستا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایا هێزە عێراقییەکان فێربوون لە گەمەی دیموکراسیدا دانان بە مافی بەرابەردا وەک تەنازول و دۆڕان تەماشانەکەن؟ ئایا فێربوون لە کۆمەڵگایەکدا کە چەندان دەنگ و ڕەنگی تری تێدایە ئامادەبن شتی دی ببیستن و هەر چاوەڕێی ئەوە نەبن گوێیان لەسەدای دەنگی خۆیان بێت؟ ئایا ڕێزی ئەو ڕۆژە دەگرن کە هەر هەموویان ئیمزای خۆیان خستە سەر بەیانەکە؟ لە هەمووی گرنگتر ئایا ئامادەن بەندەکانی جێبەجێبکەن و لەسەر کاغەزەوە دایبەزێنن بۆ ناو واقیع؟ بەکورتی ئایا هێزە سیاسییە عێراقییەکان ئامادەن فێری دیموکراتی بن، یان دەتوانن دیموکراتی بن؟

ئەو دەنگی ناڕەزاییانەی لە هێز و مەرجەعە دینییە شیعییەکانەوە بەرزبووەوە و ئەو جوڵەیەی دژی جێگیربوونی یاساکە ئەنجامدەدرێ، مایەی خۆشبینی نییە... موقتەدا سەدر یاساکەی بە ((وەعدی بلفۆر)) دانا و سیستانیش بۆ دژایەتیکردنی چەند لیژنەیەکی پێکهێناوە و لە ماوەی داهاتوودا کار و کردەوەکانیان دەبینین. دۆستەکانی دوێنێی کورد و هاوسەنگەرانی سەردەمی دژایەتیکردنی بەعس کە داکۆکیکردنیان لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد نەدەشاردەوە، ئەمڕۆ زۆربەی ناڕازیبوونەکانیان پەیوەندی بەو بەندانەوە هەیە کە باس لە مافەکانی کورد دەکەن (هەمان چیرۆکە ناشیرینەکەی جاران!)...

وێنەی کورد بەهۆی ڕاگەیاندنی عەرەبی و کەناڵە فەزاییەکان و زۆرینەی ڕۆشنبیرانی ناسیۆنالیست و ئیسلامیستی عەرەبەوە، لەجاران زیاتر لە وێنەی دوژمن و خائیندا لەناو فانتازیای خەڵکی عەرەبدا دەچێنرێ. تەقینەوەکانی هەولێر، ڕووداوەکانی قامیشلی و شەهیدکردنی چەندین هاوڵاتی کورد بێ هیچ لێپرسینەوەیەک، ئەوە دەردەخەن کەچ ڕق و کینەیەکی شاراوە چ ترسێکی گەورە بەرامبەر بەکورد و ئەو داواکارییانە هەیە کە کوردەکان چاوەڕێن لە عێراقی داهاتوودا بۆیان مسۆگەربکرێت.

پەرچەکرداری کۆی ئەم هەلومەرجە سیاسییە دژوارەش جارێکی دی تۆنی نەتەوایەتی لەناو کوردستاندا بردۆتەسەرێ و ڕۆحی یەکگرتن و یەکێتی لەناو خەڵکیدا بەشێوەیەک بەهێزکردووە، کە گەلێک لەو کێشە و گرفت و پرسیارە ناوخۆییانەی فەرامۆشکردووە کە بەر لە ڕووخانی سەدام، بۆ کوردستان بایەخی سەرەکییان هەبوو. مەسەلەی پرۆسەی بەدیموکراتیکردنی کوردستان و دەستکورتکردنەوەی حیزبەکان لە ژیان و بوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و یەکخستنەوەی ئیدارەکان و ڕێکخستنی هەڵبژاردنێکی نوێ و ئەکتیڤکردنی پەرلەمان، هەموو ئەمانە لەناو فەزای بەرزبوونەوەی هەستی هەرەشەدا پاشەکشێیانکردووە. واتە لەم هەلومەرجەدا کە کۆی پێکهاتەی سیاسی عێراق و شێوەی ڕێکخستنی پەیوەندی هێز و گروپ و ئەتنییەکانی ناوی، لەژێرپرسیاردایە و لەبناغەوە گۆڕانی بەسەردا دەهێنرێت، هەلومەرجی کوردستان بەدەستلێنەدراوی دەمێنێتەوە و وەک خۆی چۆنە دەهێڵرێتەوە. یاساکە دان بە هەلومەرجی هەنوکەی ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستانی دوای ڕاپەڕیندا دەنێت و بەهەمان جوگرافیای ئێستاوە، دەیهێڵێتەوە. ئەم خاڵەش خۆی یەکێکە لە خاڵە لاوازەکانی ئەم یاسا کاتییە. چونکە ئەگەرچی یاساکە بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ هێڵە گشتییەکانی بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نەتەوە و ئەتنییە جیاوازەکانی عێراق داناوە، بەڵام بەتەواوی بێدەنگە لە ڕێکخستنی پەیوەندی ناوخۆی ئەتنی و هەرێمەکان. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هەرێمی کوردستان بەهەمان ئەم سنوورە جوگرافی و دابەشبوونە ئیدارییەی ئێستاوە دەمێنێتەوە؟ ئایا دوو هێزە سەرەکییەکە هەمان ئەو دەسەڵاتانەی جارانیان دەبێت و ئەم پاشەگەردانییە یاسایی و ئەم گیانی حیزبایەتییە توندەی

که دەســـتی حیزبی خســـتۆتە نـاو زۆربەی بوارەکـانی ژیـانەوە، بەردەوام دەبێت؟ ئـایـا دووهێزە سەرەکییەکە، وەک جاران کوردستان وەک برا دابەشدەکەن و بەبێ هیچ دیسپلینیکی یاسایی و سیاسی، خۆیان هەموو کارە دەبن و ڕۆڵی حیزبی سـەرکردە دەگێڕن؟ ئایا لێپرسـراوەکان وەک جاران لەسـەرو یاسا و لێپرسینەوە و چاودێرییەوە دەبن و هەروا مەلەفی دارایيان لە دەرەوەی لێپرسینەوە و چاودێری یاســاییەوە دەبێت؟ ئایا ســنوورێکی یاســایی دادەنرێت بۆ دەســـەڵاتی ســـەرکردەی حیزبەکان یان وازیلێدەهێنرێت لەو فۆرمەی ئێستایدا کە لەدەرەوەی هیچ چاودێرییەکی یاسایی و سیاسی و تەنانەت ئەخلاقیشدان؟ ئایا سەروەری یاسا هەمان ئەو سەروەری یاسایەی جاران دەبێت... ڕۆژنامەنووسان و نووســەران و دادگا دەکات و لێپرســراوانیش ئازاد؟ ئایا ڕۆژنامەی ســەربەخۆ چاودێری دەســـەڵاتی سیاسی دەکات و فشاری دەخاتەسـەر، یان وەک جاران ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسـان لەژێر چاودێری دەسەڵاتی سیاسی و فشاردا دەبن؟ ئایا ئەو دەسەڵاتە سیاسییە گوێ لەو ڕەخنە و بۆچوونانە دەگرێت کە هەڵە و کەموکوڕییەکان نیشـــانئەدات یاخود وەک ئێســـتا هەمان ســـتراتیژییەتی بێنرخکردنی هەر دەنگێکی ڕەخنەیی دەگرێتەبەر؟

ئەم پرســـیارانە و گەلێکی دیش ئەمڕۆ گرنگییەکی ســـەرەکییان بۆ داهاتووی کوردســـتان هەیە. دروستبوونەوەی عێراق گەر هاوکات نەبێت لەگەڵ دروستبوونەوەیەکی تازەی کوردستانیشدا، وادەکات کۆی ئەو یاســـای بەڕێوەبردنەی عێراق مانایەکی نابێت. ئەمڕۆ لەپاش ١٢ ســـاڵ دەســـەڵاتی کوردی ناوچەیی بەسـەر کوردستاندا، پرسیارەکە تەنها مانەوەی دەسەڵاتی کوردی و هێشتنەوەی ئیدارەکەی نییە، بەڵکو لەهەمـانکـاتـدا دیموکراتیبوون و کرانەوەی ئەم ئیـدارەیەیە. ئەو مەترســـییەی ئەمڕۆ ڕووبەڕووی کوردســـتان دەبێتەوە تەنها پاشـگەزبوونەوە نییە لە بەڵێن و بەندەکانی ئەو یاســا کاتییەی کە هێزە عێراقییەکان ئیمزایانکردووە، بەڵکو بەردەوامی نەبوونی نەریتی دیموکراتی لەکوردســـتاندا و پاراستنی دوو میرنیشینە سیاسییەکە و باڵادەستی سیستەمی ((حیزبۆکرات))ییە کە دەسەڵاتی کادرە سیاسییەکانی خستۆتە سەروی هەموو لێپرسینەوە و یاسایەک، مەترسی سەرەکی ئەوەیە حیزبەکان بیانەوێت بەهەمان عەقڵییەت و هەمان فۆرمی دەســـەڵات و هەمان داخرانی جارانەوە لەناو عێراقی فیدراڵدا بمێننەوە.

لە ســەرەتای ڕزگارکردنی عێراقدا و لە چاوپێکەوتنێکدا کە ((ڕۆژنامەی هاوڵاتی)) لەگەڵ جەنەڕاڵێکی ئەمریکی کە بەرپرســـی بـاکوری عێراق بوو، ئەنجـامیـدابوو، لە وەڵامی پرسیارێکدا و لە ڕستەیەکی ڕاچڵەکێنەردا گوتبووی ((حەزدەکەم ئەوە ڕابگەیەنم کە ئێمە بۆ ڕوخـانی ڕژێمی بەعس هـاتووین، نەک بۆ ڕوخـانی حکومەتی هەرێم)). جەنەڕاڵە ئەمریکییەکە کە لەو هەموو شـکاتەی خەڵکی کوردسـتان لە دەسـەڵاتی سـیاسـی کوردی حەپەسابوو، دەیویست بەم ڕستانە خۆی لەدەست ئەو خەڵکە ڕزگاربکات کە لەسەرێەک شــکات و ســکاڵایان بۆ دەبردن. بەڵام گومانی تیا نییە حوکمەتی فیدراڵ لە ناوەندا وەک جەنەڕاڵە ئەمریکییەکە خۆی بە بێلایەن نازانێت و هەوڵی ئەوەش نادات لەو کێشـــە و مەسـەلانە ڕزگاری بێت، ئەمە ئەگەر هانیشـینەدات و نەیکاتە بەهانەیەک بۆ دەسـتخسـتنە

ناو کاروباری کوردستانەوە. ئەم سیستمە حیزبۆکراتییە داخراوە لە کوردستان کۆپییەکی ناشیرینی ژیانی سیاسی و عەقڵییەتی سیاسی و ئیداری بەعسییەکانە. ئەمڕۆ حیزبەکان دەبێ لەوە تێبگەن زەمانەتێک بۆ مانەوەی هەرێمی کوردستان لەناو عێراقێکی فیدراڵدا نابێت ئەگەر ئەم هەرێمە پەیوەندییەکانی ناوخۆی بەشێوەیەکی دیموکراتییانە رێکنەخات و کۆمەڵگای مەدەنی ئازاد نەکات و واز لە پاوانکردنی ئابووری و بەڕێوبەرایەتییەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆخۆی نەهێنێت. داهاتووی کوردستان چەند بەستراوە بەدیموکراتیبوونی هێزەکانی عێراقەوە، هێندەش بەستراوە بە دیموکراتیبوونی هێزە سیاسییەکانی کوردستانەوە. ئەوەندە بەس نییە داوا لە چەلەبی و سیستانی و عەلاوی و حەکیم و ئەوانی دیکە ببنە سیاسی دیموکرات، بەڵکو دەبێت داوا لە بارزانی و تالەبانیش بکەین کە هەرێمی کوردستان وەک یەکەیەکی جوگرافی و سیاسی یەکگرتوو بناسن و مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، بەڵکو دەبێت سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی بخرێنە ژێر فشاری یەکخستنەوەی ئەو دوو ئیدارەیەوە کە بوونیان بەو شێوەیەی ئێستای هیچ مانایەک بۆ پێکەوەبوونی سیاسی خەڵکی کوردستان وەک کیانێکی یەکگرتوو، ناهێڵێتەوە. بەمانەیەکی دی کوردستان دەبێت ببێت بە ئەزموون و نموونە و هێزێکی گەورە بۆ پرۆسەی بەدیموکراتیبوون لە عێراقدا. ئەوسا و ئێستاش پرسیاری سەرەکی لە کوردستاندا مەسەلەی بوونی دیموکراتی و نەبوونی دەبێت، مەسەلەی کۆتاییهێنان بەم دۆخە کە ١٢ ساڵە لە هەرێمی کوردستاندا فەرمانڕەوایە. مەسەلەی کۆتاییهێنان دەبێت بەدەسەڵاتی لێپرسراوانێک کە هێزێک نییە لەم دنیایەدا چاودێرییانبکات و لەسەر هەڵەی بچوک و گەورە پرسیاریان لێبکات، مەسەلەی کۆتاییهێنان بە سیستەمێکی ئیداری و حکومی دەبێت کە چەند فەسادی ئیدری لێدەرکەوێت و چەند پێشێلکاری ئاشکرا بێت، ئامادە نییە کارمەندێکی بچوکیشی لەبەر ئینتیمای حیزبی لەسەر کار لابدات، سیستەمێک کە دەستگەیشتن بە هەواڵ تیایدا ئازادە و ڕۆژنامەنووسان هەمیشە ناچارنین بۆ سەلماندنی وەفادارییان بۆ کورد و کوردستان بەرائەت بەم بەرپرسیار و ئەو بەرپرسیار بدەن، سیستەمێک دەوێرێت هەڵبژاردن بکات و باوەڕی بەدەستگۆڕکێی دەسەڵات هەیە و هێزەکانی ئامادەن بۆ بردنەوە و دۆڕان. پرۆسەی بەدیموکراسیبوون چەند بۆ عێراق هەنگاوێکی ستراتیژییە و ئەوە دەستبەردەکات کە خەڵکی بەغدا یان بەسرە دەستنیشانی ئەوە نەکەن چی لە کوردستاندا ڕوودەدات و خەڵک خەڵک لەم بەشەی ئەو وڵاتەدا چۆن بژین، بەهەمان ئەندازە بە نیسبەت کوردستانیشەوە پرۆسەیەکی ستراتیژییە و دەبێت

دەستەبەری ئەوە بکات یەکێتی بتوانێت لە دهۆک و سەلاحەدین حوکمبکات و پارتیش لە سلێمانی و قەڵاچوالان، کاتێک خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردندا بڕیاریان بۆ بدات.

لەپاش ئیمزاکردنی ((یاسـای کاتی)) بۆ بەڕێوەبردنی عێراق، ژیانێکی سیاسـی تازەش لە عێراقدا دەسـتپێدەکات کە ناتوانێ بێ تازەبوونەوەی ژیانی سـیاسـی لە کوردسـتاندا، هیچ مـانـایەکی پۆزەتیڤی بۆ هـاولاتیـانی کورد هەبێـت. عێراقێکی فیـدڕاڵی و هەرێمێکی دیموکرات، تاکە زەمانەتی دروسـتبوونی ژیانێکی سـیاسـی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی تـازەیە کە ئەگەری بەختەوەری و عەدالەتی کۆمەڵایەتی بۆ خەڵـک تێدایە. ململانێ بۆ بوونی دیموکراتی لە کوردستاندا لەدوای دەرکردنی ((یاسـای کاتی))یەوە بۆ بەڕێوبردنی عێراق، بەجومگەیەکی هەرە ترسـناکی مێژووی خۆیدا تێدەپەڕێت، چونکە ئەمجارە فەشـەلی دیموکراتیبوونی کوردسـتان لەگەڵ خۆیدا فەشـەلی بەدەسـتهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کوردیش لە عێراق و ڕەنگە لەهەر چوارپارچەکەشـدا بهێنێ. ئەمجارە سـەرنەکەوتن لە جەنگی دیموکراتی لە کوردسـتاندا، بەمانای ژێرکەوتنە لە بەدەسـتهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کوردسـتانیشـدا. ئەم خاڵەش لەهەموو کاتێک زیاتر مەسـەلەی بوونی دیموکراتیبوون و نەبوونی دەکاتە مەسـەلەیەکی چارەنوسـساز کە قابیلی سـازشـکردن و پاشـەکشـێکردن نییە. بۆیە پرسـیاری سـەرەکی ئەم سـاتەوەختە ئەوە نییە کام حیزب و هێز و ڕۆشـنبیر لەوانی دی ناسـیۆنالترە و لەوانی دی زیاتر،لەئاسـتی قسـەکردن و ڕاگەیاندنی ڕۆژانەدا، باس لە مافەکانی کورد و کوردسـتان دەکات، بەڵکو پرسـیاری سـەرەکی ئەوەیە کام هێز لەڕێگای هەرچی بەدیموکراتبوونی زیاتری خۆیەوە پانتایی دیموکراسـییەت لە کوردسـتاندا فراواندەکات و بەم کارەشـی هێزێکی گەورەتر بە توانا و ئیرادەی خەڵکی کوردسـتان دەبەخشـێت و مۆدێلێکی حوکمکردنیش بە عێراق و ناوچەکە و دنیا پیشانئەدات، کە شایانی لاساییکردنەوەبێت.

ڕەهەند

## وەرزیی دووەمی گۆڤاری ڕەهەند ساڵی ٢٠١٠

## ڕەهەند لە وەرزێکی نوێدا

**ژمارە ٢٠١٠/١**

گۆڤارێکی مانگانەی تیۆری ڕەهەند
خاوەن ئیمتیاز: نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی
سەرنووسەر: ئاراس فەتاح
دەستەی نووسەران: بەختیار عەلی، مەریوان وریا
بەڕێوەبەی هونەری: کامەران شوانی

**ناوەڕۆک**

- مەریوان وریا قانیع: لەدایکبوونی دونیای نوێ
- ئاراس فەتاح: سیاسەت چییە؟
- بەختیار عەلی: گەڕانەوە بەرەو گەردونگەرایی
- مەنسور تەیفووری: هاوڵاتی دژی هاوڵاتی
- بڕوا عەلادین: سەدساڵ ئەنترۆپۆلۆژیا، سەدساڵ تەنیایی
- ئیسماعیل حەمەئەمین: ساردی پرنسیپەکان و زەمەنی بەربەرییەت

### ڕەهەند لە وەرزێکی نوێدا

» بە هیوا و ئومێدێکی گەورەی بەردەوامییەوە، دەســـــتدەدەینە خولێکی نوێی گۆڤاری ڕەهەند. ئەمجارە گۆڤارەکەمان بە شـــێوەیەکی نوێ دەکەوێتە بەر دەســـتی خوێنەران. ئێســـتا خەونمان ئەوەیە هەموو مانگێک گۆڤارێکی بەقەوارە بچووک و بە ناوەڕۆک پڕ

بڵاوبکەینەوە، بەڵام ئەم خەونە چەندە سادە و ئاسایی دەردەکەوێت، هێندەش سەخت و دووردەستە. ئەمڕۆ دەرکردنی گۆڤارێکی مانگانە لە کوردستاندا وەک شتێکی ئاسایی دەبینرێت،. دەیان گۆڤار هەن کە مانگانە دەردەچن و هیچ کێشەیەکیان نییە، بەڵام ئەم دۆخە سادە و ئاسانە بەداخەوە هێشتا لای ئێمە دووردەستە و هێشتا بەگومانین لەوەی کە دەتوانین پرۆژەکەمان ببەین بەڕێوە و بەردەوامی پێبدەین. لێرەدا و لەم پێشەکییەدا باسی هەموو ترس و ئومێدەکانی خۆمان دەکەین، بە ئومێدی ئەوەی ئەمە دەروازەیەک بێت، بۆئەوەی خوێنەر بزانێت کە رەهەند لە چ هەلومەرجێکدا دەستپێدەکاتەوە و گەر نەشیتوانی بەردەوامبێت، بۆ نەیتوانی. کێشەکانی گۆڤارێکی وەک رەهەند وەک خەونەکانی پڕ و هەمەڕەنگ و ئاڵۆزن. لەسەروو هەموویانەوە کێشەی کات ڕادەوەستێت. ئەوەی ئێمە هەموو بتوانین لەپاڵ دەرکردنی ئەم گۆڤارەدا ئیشی تر بکەین، سەرقاڵی دابینکردنی ژیانی خۆمان بین و بشێت و بکرێت لە هەمانکاتدا گۆڤارێکی مانگانە دەربکەین کە تێیدا بڕێکی قورسایی نوسین و ئامادەکردنی بابەتەکانی هەر بکەوێتە سەرشانی خۆمان، کارێکی ئاسان نییە. رەهەند گۆڤارێک نییە خۆی بووبێت بە دەزگا یاخود دەزگایەکی گەورەی لە پشت بێت، سەرچاوەیەکی مادی هەبێت، دەوڵەمەندێک دەستی گرتبێت، هێزێک لە هێزەکانی ئەم دونیایە کۆمەکیکردبێت. لێرەوە ئیشکردن بۆ گۆڤارێکی وەها ئاسان نییە. بۆ گۆڤارێکی وەک رەهەند دەیان پرسیار دێنەپێشێ کە لە ڕاستیدا نایەنە بەردەم هیچ گۆڤارێکی تر. زۆر لە دۆستان و هاوڕێیانی ئێمە لەم سالانەدا ئەو پرسیارەیان لێکردوین کە بۆ ئێمە ناتوانین وەک ڕۆژنامە ئازادەکان، خۆمان تەمویلبکەین. گومان لەوەدا نییە کە ڕۆژنامەگەریی ئازادی کوردی لەم سالانەی دواییدا بازاڕێکی گونجاوی بۆخۆی دروستکرد کە لە ڕێگایەوە دەتوانێت خۆی بەرهەمبهێنێتەوە و خۆی بێ کۆمەکی هیچ کەس خۆی تەمویلبکات. بەڵام دوو ڕاستی گەورە هەیە کە وادەکەن شوبهاندنی دۆخی رەهەند بە ڕۆژنامەگەری ئازاد کەمێک نەشیاو و ناڕەوابێت. یەکەم: ڕۆژنامەگەری ئازادی کوردی لەسەر پیشەسازی هەواڵ و دروستکردنی بازاڕی دەنگوباس دەژی، لە کاتێکدا رەهەند گۆڤارێکی تیۆرییە و کاری بەرهەمهێنانی فیکرە. دووەم: لەگەڵ ڕێزی گەورەماندا بۆ ڕۆژنامەگەری ئازاد و شانازی گەورەمان بەوەوە کە قەڵەممان چەندە هێزی هەبووبێت و دەرفەتی پێدرابێت، پەیوەندییەکانمان چەندە لە توانایاندا بووبێت، بەشداربووە لە بەهێزکردنی ڕەوتی مادی و مەعنەوی ئەم ڕۆژنامەگەرییەدا، بەڵام دەبێت بڵێین کە لە دونیای ئەم ڕۆژنامەگەرییەدا ڕووبەرێکی ناجیدی هەیە کە تەنیا بە ئاڕاستەی بازاڕ ئیشدەکات، بەجۆرێک هەندێک

کەناڵ و پێگە لەم ڕۆژنامەگەرییەدا چەسـپیوە کە بە ڕاسـتی دوورن لە تێگەیشـتن و چاوەڕوانی ئێمە سـەبارەت بە ڕۆژنامەگەری ئازاد. کێشـەیەکی گەورەی تر کە ڕووبەرووی گۆڤارێکی وەک ڕەهەند دەبێتەوە، ئەوەیە کە قەڵەمە جیدییەکانی کوردی تا بێت کەمتر و کەمتر دەبنەوە؛ حیزب و دەزگاکانی، ئەکادیمیا و وەزیفەکانی، حکومەت و پۆسـتەکانی، زۆر ڕۆشـنبیر و قەڵەمی جیدی ئێمەیان سـەرقاڵکردوە. بێگومان ئێمە کێشـەیەک و حوکمێکی پێشـوەختمان دژ بە هیچ هاوڕێ ودۆسـتێکی نوسـەر نییە کە لە هەر جێگایەکدا کاردەکات و بۆ هەر دەزگایەک چالاک بێت، ئەم تێبینییەمان بەو مانایە نییە کە دەرگاکانی ڕەهەند والاَنین لە ڕووی هەموو وتارێکی جیدی و هەموو نوسینێکی جواندا؛ بە پێچەوانەوە، ئەم وتەیەمان حەسـرەتێکە بۆ ئەوەی کە بارودۆخی ڕۆشـنبیری و سـیاسـی ئێمە بەجۆرێک نالەبارە نوسـەرانی بە شـتگەلێکەوە کوشـتووە کە نەدەبایە کاتی کار و بیرکردنەوەیان لێبگرێت، گۆڕینی نوسـەری باش بۆ فەرمانبەر و کارمەند، کوشـتنی داهێنان و لە ناوبردنی کولتووری هەموو نەتەوەیەکە. گەورەترین تاوان بە هەقی کولتووری ئەخلاقی ئێمە کرابێت، گۆڕینی نوسـەرانی بۆ فەرمانبەر لە دەزگا حیزبی و حکومییەکاندا، ئەمەش ژیانی فیکری و ئەخلاقی لە ناوەندی ڕۆشـنبیریی کوردیدا وێرانکرد.

لێرەوە جارێکی دی ئێمە ئەو هاوارەدەکەین، کە کورد خاوەنی نوخبەیەکی بچوکە لە قەڵەمی جیدی و شاعیرانی جواننوس و چیرۆکنوسانی بەبەهرە و توێژەرەوەی زانستی، ئەم نوخبەیە لەوە بپارێزن لەسـەر مێزی وەزیفە بمرن، یان لە کاری مامۆسـتایەتیدا برزێن، یاخود بەوە قەدریان بگیرێت کە بکرێنە بەڕێوەبەر و پەرلەمانتار و فەرمانبەر. شوێنی ڕاستەقینەی نوسەر ناو کتێبخانە و بەردەم تێکستەکانی خۆیەتی، لەو جێگایەی دامەبڕن بۆئەوەی بتوانێت شـتێک بە ئەمڕۆ و داهاتوو ببەخشـێت. کەمبوونەوەی ڕۆژ دوای ڕۆژی قەڵەمی جیدی، نوقمبوونی ڕۆژ دوای ڕۆژی هەندێک قەڵەمی ئێمە لە نوسـینی کۆمێنتاری سـادە و لە دەرکەوتنی پچڕپچڕی ناو دەمەقاڵێی ئینتەرنێتدا، ڕووبەری جیدییەتی لە ڕۆشـنبیریی ئێمەدا بچوککردۆتەوە. بۆیە ترسـێکی گەورەی ئێمە دابەشـبوونی تواناکان و دوورکەوتنەوەی هەندێک قەڵەمە لە جیدییەت، کە بە هیواین لەگەڵ بەردەوامی گۆڤارەکە ئەو ترسـەمان بڕەوێتەوە. کێشـەیەکی تر کە هەڕەشـە لە ژیانی فیکری و ڕۆشنبیریی ئێمە و گۆڤاری ڕەهەندیش دەکات، کەمبوونەوەی خوێنەری جیدیە. کەڵەکەبوونی سـاڵ دوای سـاڵی نوسـینی خراپ و وەرگێڕانی زمان و فیکر وێرانکەر و عەقڵییەتی ڕۆژنامەگەری سـادەکار و موهاتەراتی سـیاسـی، وایانکردوە

خوێنەرێکی سادەبین و بێپاشخان دروستببێت کە دەرەقەتی تێکستی فیکری و فەلسەفی نەیەت و ئەو زەمینەیەی نەبێت کە بتوانێت لە گۆڤارێکی فیکری تێبگات و ببێت بە خوێنەری گۆڤارێکی تیوری. زمانی زانست و فیکر لای ئەم خوێنەرە وەختە وەک زمانی بوونەوەرانی سەر ئەستێرەیەکی دووری لێدێت. بە هۆی ئەم دەریای تاریکی و ئیبتیزال و شێوانەشەوە خەریکە مەودا و فاسیلەی نێوان خوێنەر و نوسینی جیدی وەها گەورە دەبێت، کە پردێک نەیانبەستێتەوە و کەشتییەک بە یەکیان نەگەیەنێت. رەهەند گۆڤارێکە بۆ ئەوەی بژی پێویستی بە خوێنەری جیدی هەیە، خوێنەرێک بەڕاستی بیربکاتەوە و پرسیاربکات و بیەوێت لەم ساتەوەختەی دونیای فیکردا بژی و لە کێشە فیکرییە قووڵ و ڕاستەقینەکان نزیک بێت. واتە خوێنەری رەهەند دەبێت توانای خۆماندووکردنی هەبێت، تەنیا نوقمی رەهەندە ڕۆژانەکانی سیاسەت و بیرکردنەوە نەبێت، بەڵکو هەمیشە دەستێکی لەسەر کێشە گشتی و مرۆڤانە و هەمیشەییەکان بێت. رەهەند گۆڤارێک نییە لەسەر شتێک بنوسێت کە بەیانی کۆنبێت و توڕبدرێت، رەهەند بەو ڕۆحییەتەوە ئیشیکردوە و ئیشدەکات کە تێکستەکانی لە پاشەڕۆژی دووریشدا هاوڕێ و کۆمەککاری خوێنەر بن و خوێنەر لە هەر ساتێکدا دەستیدایە زانیارییەکی تێدا بخوێنێتەوە کە سوودمەند و تێنەپەڕە. بۆیە رەهەند بۆ خوێنەرێک دەنوسێت کە دەزانێت لە داهاتووشدا پێویستی بەگەڕانەوە بۆ رەهەند دەبێت. گرەوی ئێمە لەسەر ئەم نوخبەیەی خوێنەری کوردە، کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بڵاوبوونەوەی بێسنوور و کوشندەی سادەگەرایی لە کۆمەڵگادا و لە ڕێگای تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت و ڕۆژنامەگەرییەوە دەیەوێت بیانکوژێت.

کێشەیەکی تر کە وادەکات هەمیشە پرۆژەی رەهەند لە مەترسیدا بێت، کێشەی تەکنیکییە. رەهەند گۆڤارێکە لە ئێستادا توانای ئەوەی نییە کە خۆی نوسینگەی خۆی هەبێت، تایپیست و سەرپەرشت و هەڵەچن و ژمێریار و مۆنتاژکار و بەڕێوەبەری سایتی هەبێت، بۆیە بۆ پەیوەندیکردن بە رەهەندەوە جگە لە ئیمەیلێک هیچی دیمان نییە، ئەو نوسینانەی بۆمان دێن دەبێت خۆیان تایپ کرابێتن، لە سنوورێکی کەمدا دەتوانین بە کاری هەڵەچنی هەستین، چونکە کەسانی تایبەتیمان نییە ئەو کارەمان بۆبکات. توانای تەکنیکی گۆڤارەکەمان کەمە و ئەوەی هەیە بەشێکی زۆری خۆمان دەیکەین و بەشەکەی دیکەی بە ڕەنج و دڵسۆزی و کاری خۆبەخش و نیمچەخۆبەخشی هاوڕێیانمان دێتەبەر. تەنیا چەکمان لە ئێستادا بەرابەر ئەم گرفتانە، خۆگرتن و لە خۆبوردنە، بە ئومێدی ئەوەی کە پشتگیری خوێنەران و خەڵکانی فیکر دۆست دەرفەتی ئەوەمان بۆ برەخسێنێت، چونکە هیچ گۆڤارێک ناتوانێت تا هەتاهەتایە بە کاری

خۆبەخش بژی. ئێمە ئومێدی گەورەمان هەیە کە لەداهاتوودا ئەم کێشـــانە ببڕین و بەجێیانبهێڵین. بەڵام بۆ لەم هەلومەرجە مادی و ڕۆشـــنبیری و تەکنیکییە ســـەختەدا دەســـتدەدەینەوە پڕۆژەیەک کە لای هەندێک بە بەشـــێک لە رابوردوو ســـەیردەکرێت؟ هۆکارەکان لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورتدەکەینەوە.

*لەبەرئەوەی ئیشـی نوسـەر هەمیشـە تەحەداکردن بووە. پێمانوایە تەحەدا هەمیشـە بەشـــێکی گەورەی پێکهێن و دروســـتکەر بووە بۆ ڕۆشـــنبیریی کوردی. ئایا ئەوانەی لەسەرەتای سەدەی بیست و ناوەندەکانیدا چاپخانەیان هێنایە کوردستان و ڕۆژنامەیان دەرکرد تەحەدایەکی گەورەیان نەدەکرد؟ ئێمە خۆمان بە درێژکراوەی ئەو کەســـانە و ئەو ڕۆحانە دەزانین کە نەوەک لە ڕێگای تەسـلیمبوون بەوەی کە هەیە، بەڵکو لە ڕێگای بانگهێشتکردنی ئەوەی کە نییە، مانایەک بە کاری خۆیان دەدەن.

*ئەو بۆشاییەی رەهەند لەلای خوێنەرانی بەجێهێشت، هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی دی بەتەواوی پڕی نەکردەوە. ئەوە پـالنەرێکی گەورەیە کە تـا لە توانـاداین و دەرەقەتدێین بنوسین و دەستبەرداری ئەم خەونە نەبین.

*لەو چەند ســاڵەدا کە رەهەند دەرنەچووە ئێمە وەکو ئاوارەبووین. لەهەر ڕۆژنامە و گۆڤارێکدا شـــتمان بڵاوکرابێتەوە، کۆمەڵێک تۆمەت و درۆودەلەســـەمان دواخراوە، کە بەرهەمی ئەو فـانتـازیـا نەخۆش و درۆکـارەیە کە کۆمەڵگـای ئێمەی تەنیوە و نەخوێندەوارەکان لە ڕێگایەوە دڵی خۆیان و ویژدانی خەوتوویانی پێ ئاســـوودەدەکەن. بۆیە گەڕانەوە بۆ رەهەند لای ئێمە لە ڕووی دەروونییەوە وەک گەڕانەوە وایە بۆ ماڵ و نیشـــتیمان، وەک دەربازبوون وایە لە ڕەحمەتی شـــوێنەکانی نامۆبوون و لاپەڕەکانی غوربەت.

*لە هەموو ئەوانەش گرنگتر، ڕاگەیـانـدنی کوردی بە میدیـای نوســـراو و بینراو و ئینتەرنێتەوە، لە زۆرێک لە جومگە ســـەرەکییەکانیدا تووشـــی ئیبتیزالێکی کوشـندەبووە. بەچەشـنێک گەر وابڕوات نوسـینی جیدی لە داهاتوودا جێگای نابێتەوە. ئەمڕۆ نەزانی لە تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و ئینتەرنێتەوە دەڕژێتە ناو دەرون و بیرکردنەوە و عەقڵی مرۆڤی کورد. بەجۆرێک وەها دیارە، وەک ئەوەی مرۆڤی کورد توانای بیرکردنەوەی جیدی و مەنهەجی نەمابێت، کوردســـتان جارێکی دی بووبێت بە جێگایەکی دابڕاو لە دونیا کە تاکە زانســـتێک لەم جیهانەی وەرگرتووە، جگە لە داهێنانی گەندەڵی، دروســـتکردنی ڤیدیۆکلیپی ســـەقەت و دەرکردنی ســـەدان ڕۆژنامە و گۆڤار بێت کە زۆربەیان بێئامانج

دووباره و یەک ڕوخسـار دەنوێنن. قرەقرِی سیاسـی و دەنگەدەنگی بێزەنتییانە بووە بە شـتێکی سـادە و نۆرماڵ، ئەخلاقی ئابڕووبردن بووە بە قارەمانێتی، نەفرەت و نەفرەتی پێچەوانە بۆتە پیشـەی ڕۆژانە. لە فەزایەکی وادا کە بارکراوە بە بوغزی سـیاسـی و کۆمەلایەتی، ئێمە دەمانەوێت ئەوەی پێماندەکرێت بۆ پاراستنی حورمەتی فیکر بیکەین و سڵ لە نوشوستی نەکەینەوە.

*ڕاستە لە کوردستان ژمارەیەک گۆڤاری ئەدەبی و بلاوکراوەی تایبەت بە نوسین و وەرگێڕان دەردەچن، کە ئێمە ڕێزی گەورەمان بۆ هەوڵ و ئامادەگیان هەیە، بەلام دەبێت بڵێین گۆڤارێک کە هەر تەنیا دەقی ئەدەبی بلاونەکاتەوە، هەر کاری وەرگێڕان پیشـەی نەبێت، گۆڤارێک پردێکی ڕاسـتەوخۆ بێت لە نێوان ڕۆشـنبیری کوردی و خۆرئاوادا، بێئەوەی بە کەناڵی ڕۆشـنبیری عەرەبی و فارسـی و تورکیدا بڕوات، گۆڤارێک بێت ڕۆشنبیریی کوردی لە ژێر ڕەحمەتی کەناڵە عەرەبی و فارسی و تورکییەکە دەربهێنێت و ڕاسـتەوخۆ توانـای مرۆڤی کورد لە مـامەڵەکردن لەگەڵ فیکری خۆرئـاوادا بەرجەستەبکات، جۆرە گۆڤارێکی وەها لە دونیای ئێمەدا نائامادەیە. ڕەهەند لە بنەڕەتەوە هەوڵێک بووە بۆ سـەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە نوسـەری کورد دەتوانێت بە کەرەسـتە مەنهەجییەکانی فیکری جیهانی ئیشـبکات، سـیسـتمە زاراوەییەکەی بەکاربهێنێت، سـاتە ڕۆشـنەکانی بخوێنێتەوە و تەواوی دەرەنجامەکانیشـی بخاتە خزمەتی خۆبینین و خۆخوێندنەوەوە. ڕەهەند درێژە بەو ڕەوتە تایبەتییەی دەدات کە لە سـەرەتاوە نوێنەری بووە و بە پێویستیشی دەزانێت درێژەی هەبێت و نەوەستێت و ژیانی خۆی بسەلمێنێت و پشـت لە ڕاگەیاندنی مردنی خۆی بکات. ئێمە نرخێکی گەورە لەسـەر وەرگێڕان دادەنێین، بەلام بڕوامـان وایە هیچ ڕۆشـنبیرییەک تەنیـا بەوەرگێڕان نـاتوانێت خۆی دروسـتبکات. ڕۆشـنبیریی تەنیا بە وەرگێڕانی بەرهەمی ئەوانی دی ناتوانێت بژی، بەڵکو دەبێت بەرهەمی ئیشـکردنی خۆی بێت، چ لەسـەر ئەوانی دی و چ لەسـەر خۆی. ڕەهەند هەوڵێکی بەردەوامە بۆ بەیادهێنانەوە و بیرخستنەوەی ئەو ڕاستییە.

*ئێمە بانگەشـەی ئەوە ناکەین کە موعجیزەیەکمان پێسـازدەکرێت، بەلام هەوڵدەدەین لە ڕەهەنددا ماڵێکی بچوک بۆ بیرکردنەوەی هێمن و جیدی دروسـتبکەینەوە، تاوەکو ڕێگـا لە مردن و لە نـاوچوونی ئەو نوخبە لە خوێنەری جیـدی بگرێـت، کە تـادێـت بچوکدەبێتەوە. ئێمە بەبەشێک لە ئیشی خۆمانی دەزانین کە دژ بەو هەرەسە بوەستین و بەرگریبکەین، وەهمی سادەیی و ئاسانی نوسین بشکێنین و نوسین بخەینەوە سەر ڕێگا

سـەخت و جیدی و قورسـەکەی کە بە خوێندنەوەی بەردەوام و ئاگاداری بێوچانەوە لە دونیا گرێدراوە. بە کاری ڕۆشـــنبیریی و ئەخلاقی خۆمانی دەزانین کە خوێنەری کورد ئاگاداربکەینەوە و پێیبڵێین کە هەندێک خوێندنەوە مرۆڤ نەخوێندەوار دەکات، بەڵام کە وادەڵێین دەمانەوێت ئەلتەرناتیڤی ئەو کولتوورەش پێشـکەشـبکەین و کەرەسـەیەکی فیکری بخەینە بەردەسـتی خوێنەر کە لە تێگەیشـتنی فەلسـەفی و زانسـتیدا کۆمەکیبکات. ئێمە دەرگا لەسەر وەرزێکی نوێی ڕەهەند دەکەینەوە و تاکە پشت و هیوامان خوێنەرانی کورد و کۆمەکی خەڵکانی فیکردۆسـتە. ئێمە دڵنیایین بەبێ پشـتگیری ئێوە، ناتوانین بەردەوامبین. تا ئەو جێگایەی لە تواناماندایە هەوڵدەدەین، دڵنیاشـین خوێنەرانی جیدی ڕۆڵی خۆیان لەو بەردەوامییەدا دەگێڕن.

ئێمە گۆڤارێک نین کۆمەک لە حکومەت و دەسـەڵات وەربگرین، نە لەبەرئەوەی بە مافی خۆمانی نازانین ئەو پشـتگیرییەمان لێبکرێت، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەزموونی ئەم چەند سـاڵەی دوایی سـەلماندی کە دەسـەڵاتی کوردی هەموو کۆمەکێک و مافێکی سـروشـتی بەجۆرێکی سـیاسـی بەکاردەهێنێت و هێشـتا لە خوماری ئەو پەروەردەیەدا نوقمە کە سـەروەت و سـامانی کۆمەڵگا و دەوڵەت بە موڵکی حیزب و سـەرۆک و ماڵی ڕابەر دەزانێت. لێرەوە تاکە دەرگامان پشـتگیری مادی و مەعنەوی ئێوەیە. هەر لێرەدا بەپێویسـتی دەزانین سـوپاسـی تایبەتمان ئاراسـتەی چەند فیکردۆسـتێک بکەین کە بەبێ کۆمەک و پشـتگیری ئەوان، دەسـتپێکردنەوە بە وەرزی نوێی گۆڤارەکەمان، کارێکی ئاسـان نەبوو. بە ئومێدی ئەوەی ڕەهەند لە وەرزی نوێدا وەک هەمیشـە دەروازەیەکی جیدی بێت بۆ بیرکردنەوە و زانیاری نوێ، سـەرچاوەیەک بێت ئێمەش و ئێوەش بە زانیاری و فیکر دەوڵەمەندبکات. ئەم ژمارە یەکەمەی ڕەهەند، ژمارەیەکی ئەزموونییە، هیواداریین لە ژمـارەکـانی داهـاتوودا هەمەڕەنگتر و گونجـاوتر بکەوینە بەردەسـتی خوێنەران. بۆئەو مەبەسـتەش چاوەڕوانی تێبینی و یارمەتی دڵسـۆز و خەمخۆرێکین. تکاشـمان لە هەموو قەڵەمێکی زانسـتی هەیە کە لە بوارە فیکری ئەدەبی و هونەرییەکاندا دەنوسن، کۆمەکمانبکەن و لە دەوڵەمەندکردنی گۆڤارەکەماندا بەشداربن. «

**گۆڤاری ڕەهەند**

**ژماره ٢٠١٠/٢**

**ڕەهەند گۆڤارێکی مانگانەی تیۆری کەلتوورییە**

**ناوەڕۆک** ٢٠١٠/٢

- ڕێبین هەردی: ناسیۆنالیزم و وەرگێڕان

عادل باخەوان: ڕۆشنبیری سیاسی و سیاسەتی ڕۆشنبیر

بەختیارعەلی: بەڵگەو دڵنیایی

ئاراس فەتاح: سیاسەت و لەدایکبوون

بەیان سەلمان: هونەری وێنەکێشانی ئیتالی

## لەبری پێشەکی

دوای دەرچوونی ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکەمان، وا بە دووەم ژمارە دەگەڕێینەوە بەردەمی خوێنەران. پاش دەرچوونی ژمارەی یەکەم کۆمەڵێک تێبینی و ڕەخنەمان لە خوێنەرانەوە بەدەستگەیشت کە مایەی خۆشحاڵیمان بوو. بۆ هەموو ستایشەکان سوپاس و بۆ ڕەخنەکانیش سوپاسی زۆر زیاترمان هەیە. بەگشتی بڕێکی زۆری ڕەخنە و تێبینییەکان ئاڕاستەی قەوارەی گەورەی گۆڤارەکە کرابوو. سەرەتا حەزدەکەین هەندێک ڕاستی بیر خوێنەر بخەینەوە: یەکەم: ئەم هەوڵەی ئێمە ئەزموونییە و لە ئێستادا هەموو مەسەلە ئیداری و تەکنیکییەکانمان لە ژێر تاقیکردنەوەدایە و لە هەوڵی

دروســـتکردنی ســـیســـتەمێکین بۆ کاری داهاتوومان. دووەم: ئێمە دڵنیابووین کە ئەم شـــێوەیەی ئێســـتای رەهەند، بەراورد بە قەوارەی جارانی گۆڤارەکەمان، پرســـیار لای خوێنەرە ســـەرەکیەکانی ڕەهەند دروســـت دەکات، بەڵام دلنیاشـــبووین خوێنەران لەو ڕاســـتییە تێدەگەن کە گۆڕینی ڕەهەند بۆ بڵاوکراوەیەکی مانگانە ، پێویســـتی بە فۆڕم و مۆنتاژێکی نویٚ هەیە. ئێمە جاران دەمانتوانی ســـاڵانە ژمارەیەک یان دوو ژمارە دەربکەین، بەڵام لە ئێســـتادا پلانمان ئەوەیە دوازدە ژمارە دەربکەین، کە بێگومان کاری نەکردەیە ژمارە نوێکان بەهەمان قەوارەی جاران دەرچن. هۆکانیش زنجیرەیەک جەبری گەورەن کە لە کەمی کات و نەبوونی  توانای مادی و مرۆیی دەســـتپێدەکات و بە نەبوونی بابەتی زانســـتی تێدەپەڕێت، تا دەگاتە ئەو ڕاســـتییەی هەموو لاپەڕەیەکی زیاد، یان ڕەنگ کردنی زیاتری لاپەڕەکان، تێچوونێکی گەورە تر دەبات و نرخەکەشـــی بەجۆرێک بەرزدەکاتەوە کە لە توانای خوێنەردا نەبێت. بەداخەوە هەندێک خوێنەر تا ئێستا ئەو جیاوازییە نابینن کە گۆڤارەکەی ئێمە لەو چەشنە بڵاوکراوانە نییە کە پارە و بودجە و کارمەندی تایبەتی هەبێت و گویٚ نەداتە تێچوون و نرخی فرۆشـــتن و خەمی گەڕانەوەی پارەی فرۆشـــتنی گۆڤارەکەی نەبێت. لەم دۆخەی ئێســـتادا بۆ دەرکردنی رەهەند بە شـــێوەی مانگانە، ناتوانین لە ســـنورێکی دیاریکراوی لاپەڕە دەرچین و فرۆشتنیشی بە نرخێکی هەرزانتر، یان نەمانی کۆمەکی دارایی فیکردۆستان بۆ تێچوونی چاپ و بڵاوکردنەوە، واتە مەحکومکردنی رەهەند بە دەرنەچوون.

دەشـێت ئەم فۆڕمە نوێیەی گۆڤارەکەمان بە شـێوازی "ڕۆڤار" ناوببەین، واتە نە فۆڕمی گۆڤارەو نە شێوەی ڕۆژنامەشـە. فۆرم و سـتیلێکە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە بڵاوکراوە فیکرییە گرنگەکان لە خۆرئاوا ساڵانێکە دەیگرنە بەر. ڕاستە ئەم جۆرە فۆرمە لە ستایلی گۆڤارە فیکرییەکانی دونیای عەرەب و ئێراندا باو نییە، بۆیە بە چێژی باوی ئێمەش نامۆیە، بەڵام ئێمە وەک هەوڵێک و تاقیکردنەوەیەک بۆ ناســـاندنی ئەو فۆرمە و بەهۆی گونجاویشـی وەک کۆنسـێپت لەگەڵ خواسـتی ئێسـتای گۆڤارەکەمان، ویسـتمان ژمارە سـەرەتاییەکانمان بەو جۆرە بێت. بەتایبەت سـەردەمانێک رەهەندمان دەردەکرد ڕەخنەی سـەرەکی ئەوە بوو کە پڕ تێکسـت و بیٚ هەناسـە و بێوێنە و ڕەقنوێنە. سـەرەڕای ئەوە لەم پلانە نوێیەماندا، واتە لە کردنی رەهەند بە فۆڕمی ڕۆڤار، مەبەستمانە گرنگی تایبەت بە هەندێک بەش بدەین  کە لە رەهەندی کۆندا بواری ڕەخساندنیمان نەبوو، ئەویش بڵاو کردنەوەی وێنەی ڕەنگاوڕەنگ و گرنگیدان بە جیهانی هونەر و بەتایبەتی هونەری تەشـــکیلی. خواســـتی گەورەمان ئەوەیە کە کۆی گۆڤارەکەمان بکەین بە گۆڤارێکی

ڕەنگاوڕەنگ، چونکی بێگومانین کە کاریگەری گەورە بەسەر چێژی بینین و خوێندنەوەی بابەتەکان بەجێدەهێڵێت. پاشـــان دەمانەوێت لە داهاتوودا، لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی ڕیکلامەوە بڕێـک تێچوونی گۆڤـارەکەمـان بۆ دابینبکرێـت، ئەمەش لە چوارچێوەی قەوارەفۆرمی ئەم چەشنە گۆڤارانەدا شیاوە. لە کێشەی تەکنیک و فۆرم بترازێت، گرفتی بابەتەکان و فۆرمی نوسـینمان هەیە. لێرەدا دەخوازین هەموو دۆسـتانی نووسـەرمان ئاگادار بکەینەوە کە لەکاتی نووسـینـدا زۆر گرنگە بایەخ بە ئاماژەکردن بەسـەرچاوە بدەن. ئێمە هەندێک جار نووسـینی باشـمان پێدەگات، بەڵام لەبەر ئەوەی نوسـەرەکەی هیچ ئـامـاژەیەکی بەسـەرچـاوەکـان نەداوە، نـاتوانین بڵاوی بکەینەوە. ڕاسـتە ئێمە دەمانەوێت خەیاڵ و عەقڵی نووسـەری کورد ئازاد بێت و پراکتیکی ئەو ئازادییە بکات. بەڵام ئازادی لە بواری فیکردا بە ئاگاداری مەرجەعە فیکرییە پێشـینەکانەوە مەرجدارەو، بەڕێزگرتن لەو پێوەرانەی بۆ نووسـینی زانسـتی دانراوە، بەندە؛ دیارە ڕەهەندیش وەکو گۆڤارێکی فیکری، پابەندی ئەو پێوەرانەیە. ئێمە لەم ژمارانەی قۆناغی سـەرەتادا تەواوی ئەو بابەتانەی کە بەشـایسـتەی بڵاوبوونەوەیان دەزانین، وەک خۆیان بڵاو دەکەینەوە، واتە دەسـتکاری گەورەی ڕێنوس و دابەشـکردنی تێکسـت و شـێوەی ڕسـتەبەندی و ڕێکخسـتنی سـەرچاوە ناکەین، ئەوە بەجێدەهێڵین بۆ نووسـەران خۆیان. بۆیە هەر بابەتێک کە لە ڕەهەنددا بڵاوبێتەوە بە شـێوەی تایبەتی چ لە ناوەڕۆک و چ لە فۆرمدا تەعبیر لە کاراکتەر و شـێوازی نووسـینی نووسـەرەکەی دەکات. چونکی لە قۆناغی ئێسـتادا، بە حوکمی نەبوونی توانـای مرۆیی و کـات، لە توانـامـانـدا نییە هەموو ئەو مەرجانەی کە بۆ دروستکردنی ستانداردتێکی ڕێنووس کە لە گۆڤارێکی فیکری پێویستە، ڕەچاوبکەین.

لەم هەلومەرجە سـەختەی ڕەهەندی تیا دەردەکەین، بێگومانین کە گۆڤارەکەمان بێبەری نـابێت لە هەڵەی چاپ و ڕێنووس و هونەری. بۆیە داوای بەخشـین لە خوێنەرانمـان دەکەین، بۆ ئەو هەڵانەی لە کاتی بەرهەمهێنانی ژمارەی یەکەمدا دروستبووبوون.

ئومێدەوارین ڕەخنە و تێبینی و کۆمەکەکانتان بۆ گۆڤارەکەمان بەردەوام بێت، چونکی خواسـتێکی سـەرەکی ڕەهەند بریتییە لە دروسـتکردنی ڕەوتێکی نەپسـاو کە بڕوای نووسـەران وخوێنەران بۆخۆی وەدەسـتبهێنێت، تـاوەکو لەسـەر ئەو بنـاغەیەش زەمینەیەکی گونجـاو بنیـاتبنێن بۆ بەردەوامی و درێژەدان بەم ئەزموونە نوێیەمـان.

دواجار دووباره سوپاسی ئەو فیکردۆستانە دەکەین کە کۆمەکی داراییان پێشکەشکردین بۆ دەرهێنانی ئەم ژمارەیە.

رەهەند

## ژمارە ٢٠١٠/٣

### ڕەهەند گۆڤارێکی مانگانەی تیۆری کەلتوورییە

## دەستەگەری، دین، توندوتیژی

**نوسەرانی ئەم ژمارەیە: مەریوان وریا قانیع، ئاراس فەتاح، ئاسۆ جەبار، بەیان سەلمان، سیروان ڕەحیم، خەسرەو حەمەکەریم**

## پێشەکی

>> لەگەڵ ژمارەی یەک و دوی گۆڤاری رەهەندا ژمارەیەکی زۆر لە خوێنەران و دۆستانی رەهەند پەیوەندییان پێوەکردین و تێبینی سەرەنجەکانی خۆیان پێڕاگەیاندین. ئێمە لە کاتێکدا سوپاسی هەموو ئەو هاوڕێیانە ئەکەین کە بەدڵسۆزییەوە لە خەمی بەردەوامی و پێشکەوتنی رەهەنداندن، ئەو ڕاستییە دوبارە ئەکەینەوە کە رەهەند وەک هەمیشە خوازیاری پەیوەندییەکی نزیکە بە خوێنەر و دۆستەکانیەوە و هەر لە پێناوی وتوێژ و دانەبڕانیش لەواندا هەوڵمانداوە درێژە بەم پرۆژەیە بدەین. ئێمە هەر لەسەرەتای سەرەتاکانی نووسینمانەوە هەوڵمانداوە نزیک بین لە خوێنەرەکانمانەوە و هەڵگری ئەو پرسیارو خولیا و ئارەزوانەش بین کە نەوە تازەکانی کوردستان لە دنیای دەوروبەری ئەکەن. شانازی گەورەی ئێمە ئەوەیە هەمیشە لە خوێنەرانی کوردستان و کێشەکانیەوە نزیک بووین، خیانەتمان لە ویست و ئارەزوەکانی نەکردووە و هەوڵمانداوە بەشێوەیەک لە شێوەکان خواست و ئارەزووەکانی ئەوان لە چوارچێوەیەکی تیۆری و فیکریدا دابڕێژین. ڕادەی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنمان لەم ئارەزووەدا هەڵئەگرین بۆ مێژوو ئەو ویژدانە زیندوانەی کە ڕۆژێک ڕۆژمێری ئەم ڕۆژانە دەنووسنەوە.

ئێمە گەر شـــــانازیەکمان هەبێت ئەوە نیە کە بەرهەمی ناوازە و دەگمەن و بێوێنەمان نوســـــیوە، ئەوە نیە کە هەرگیز هەڵەمان نەکردوە و هەمیشـــــە هەقیقەتمان وتوە، بەڵکو ئەوەیە پێی بە پێی نەوە تازەکانی کوردستان هاتوین و هەرگیز لە خەم و کێشـەکانیەوە دوور نەبووین. هەوڵی سەرەکی ئێمە ئەوە نەبووە ڕابەر یان پێشەنگی جیهانی ئەو نەوە تازانە بین کە پرسیاری و داواکاری جیاوازیان لە جیهانی خۆیان هەیە، بەڵکو ئەوە بووە هەوڵمانداوە زمانێکی تیۆری و قوڵایەکی فکری بەو پرســـــیار و خواســـــتانە بدەین. پرسـیارەکانی ئەو نەوە تازانە گەورەتر بکەین و ڕووبەڕووی هەموو ئەو شـوێنانەشـی بکەینەوە کە لە ســـــەرەنجی یەکەمدا بە بێلایەن و ناکاریگەر لەو پرســـــیار و کێشـــــانە زانراون. شانازی ئێمە ئەوەیە هەڵگری بڕوا و قەناعەتی تایبەتی و ئایدۆلۆژی نەبوین کە بمانەوێت هەموو خەڵکی کوردسـتانی بۆ ڕابکێشـین، بەڵکو هەوڵمانداوە پێ بە پێ لەگەڵ خوێنەران و هـاوڵاتیـانی وڵاتـدا ڕووبەری پرســـــیـار و ڕەخنەکـانیـان گەورە بکەین و ئـاڕاســـــتەی هەموو شـــــوێن و جێگە و پنتێکی بکەین کە پێشـــــتر کەس ڕوبەڕوی نەکردونەتەوە. ئەگەر هەندێک ڕوویان لە سـیاسـەت و گەمەکەرە سـیاسـیەکان کردبێت، ئێمە ڕوومان لە کۆمەڵگا و پنتە جیاوازەکانی کردووە بۆ ئەوەی بیری هەموان بخەینەوە کێشـەکە قوڵتر، گەورەتر و فراوانترە لەوەی لە بوارێکدا بێت. ئەگەر هەندێک سیاسـەت و گەمەکەرە سـیاسـیەکانی فەرامۆش کردبێت، ئێمە سـەرەنجمان بۆ سیاسـەت و گەمەکانی ڕاکێشـــــاوە تا هەموو بە جدی وەریبگرن. ئێمە کاری خۆمان بەوە نەزانی خەڵک ناچار بکەین ڕوبەڕوی لایەک ببنەوە. بەڵکو ئەوە بوو پێیـان بڵێین زیـاد لە لایەنێک هەیە کە پێویستی بە ڕوبەڕوبونەوە هەیە.

شـــــانازی ئێمە ئەوە نییە نەخشـــــەڕێی ئازادیمان بۆ خەڵک کێشـــــا بێت، بەڵکو ئەوەیە هەوڵمانداوە یادی هەموان بهێنینەوە ڕوبەرەکانی ململانێی و تێکۆشـــــان کە لە زیاد لە جێگە و پنت و سەرچاوەیەکەوە هەڵئەقوڵێن.

هەوڵی ســـەرەکی ئێمە لەســـەرەتای دەســـپێکردنی ئەم پرۆژەیەوە ئەوە نەبوو خەڵکی و خوێنەرانی نووســـــینەکانمان ناچار بە دیدێکی تایبەت بکەین، بەڵکو ئەوە بوو زیاد لە ڕوانگەیەکی پێبەخشـــــین، بۆئەوەی بتوانێت ئـاســـــۆی ڕوانینی گەورەتر و خەزێنەی ڕۆشـــــنبیری بەجۆرێک دەوڵەمەندتر بێت کە وای لێبکات وردتر،هەمەلایەنتر کێشـــــەو گرفتەکانی خۆی ببینێت. هەوڵی ئێمە بۆ ناساندنی زیاد لە بیریار و قوتابخانەیەکی فکری بۆ ئەوە نەبووە و نییە کە بڵێین ڕاســـتی لای ئەم بیریار و قوتابخانە فکریانەیەو لەدوای

ئەوانیشـــەوە هیچی دی نییە، بەڵکو بۆ ئەوە بووە خوێنەرانی کوردســـتان هەموو ئەو کەرەســـە و شـــێوازی بیرکردنەوانەیان لەبەردەمدا بێت کە یارمەتیان ئەدات بۆ ئەوەی باشتر جیهانی خۆیان شیکاربکەن، تێیبگەن و هەوڵ بۆ باشترکردن و گۆڕانکاری بدەن. تا باشـــتر تێبگەین و بناســـین، باشـــتر و ڕاســـتر ئەتوانین کار و هەوڵ بۆ جیهانێکی جیاوازتر و دادپەروەرانەتر بکەین. ئەمە دروشـــم و ئامانجی ســـەرەکی ئێمە بووە. هەر لەم پێناوەشـدا هەوڵێکی زۆرمانداوە نووسـین لەو موهاتەراتە سـیاسـییە ڕوکەشـییانە دەرباز بکەین کە لەنێوان ئیدانە کردن و تەئیدکردندا دێت و ئەچێت، هەوڵێکی زۆرمانداوە نووسین لە زمانی تەخوینکردن و بە دوژمن تەماشاکردن ڕزگار بکەین و ئاراستەیەکی فکری و عەقڵانی بە پرس و خواسـت و کێشـەکانی خەڵکی کوردسـتان بدەین. هەوڵێکی زۆرمانداوە لە ناو فەزایەکی پڕ لە ڕق و کینەی سیاسی، پڕ لە بوغزو دروشمی سیاسی قەبەی بێ ناوەڕۆک، پڕ لە جەمســـەرگیری نائەقڵانی یان من یان ئەوان، زمانێکی دی بدۆزینەوە کە ڕۆحی ڕەخنەگرانەی بەرامبەر بە دنیاو دەوروبەر پاراســـتبێت، بێئەوەی سـەربکێشـێ بۆ ڕق و کینەو دوژمنایەتی، خەونی گۆڕانی هەڵگرتبێت. بەبێئەوەی بەدوای وێرانکردن و بەگژداکردنەوەی هێزە جیاوازەکانی کوردســـتاندا بگەڕێت، ئومێدی بە ڕۆژێکی تـازە هەڵگرتبێت.بەبێئەوەی ڕوو لە وێرانکردنی ئێســـتـا و ڕابردوو بکـات. دروشمی ئێمە ئەوە بوو کە تێپەڕاندنی ئێستا و ڕابردوو بۆ ڕۆژو سپێدەیەکی ڕووناکتر بە ئەفەرۆزەکردن و لەعنەت کردن و وێرانکردنیدا ناڕوات، بەڵکو بە تێفکرین و ناســینی زیاتر و تێگەشتنی وردتر لە هەموو ئاستەکانی ئێستا و ڕابردودا تێئەپەڕێت. هەوڵی ئێمە ئەوەبووە و ئەوەیە بڵێن هیچ بەیانیەکی باشتر نییە، گەر پێشتر نەمانتوانی بێت ئێستا و ئاستەنگەکانی ڕابردوو و گرێکانی لەهەموو ئاستەکاندا بناسین و بخوێنینەوە. دەعوەتی ئێمە ئەوسـاو ئێسـتاش بۆ فکری زیاتر، وردبوونەوەی زیاتر و لێکۆڵینەوەی زیاتر بووە. چونکە ئەمە تـاکە ڕێگە و زانســـتێکە کە ڕێگە لە دووبـارەبونەوەو بەرهەمهێنـانەوەی ڕابردوو و ئێستا لەژێر ناونیشانی تازە و سیناریۆی تازەدا ئەگرێت.

لێرەوە بڕوامان بە پڕۆژەیەکی ڕەخنەیی گەورە هەیە کە ڕوبەڕوی هەموو ئاســـتەکانی ژیانی سـیاسـی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشـنبیری و هونەری بکرێتەوە. بڕوامان بە تاکڕەهەندی بینین و تەســـکبینی ئایدۆلۆژی نییە کە لە گوتاری ســـاویلکانەی ڕۆشـــنبیری تەســـکی شـــانەحیزبیەکانەوە بۆ زۆرێک لە قەڵەمە بەناو ڕۆشـــنبیرییەکانی کوردســـتان بە میرات ماوەتەوە. گوتارێک کە لەنێوان دروشـــمی با بژی و با بڕوخێدا دێت و ئەچێت و هیچ شـتێکی زیادەش ناخاتە سـەر خەرمانی فکری و ڕۆشـنبیری و سـیاسـی ئێمە. بڕوامان

بەدیدارێکی ڕەخنەیی هەیە کە دەوڵەمەندە بە ئاسـۆیەکی فراوانی قوتابخانە فیکرییەکان و ڕوی لە جیهانێکی لێبوردەتر، دادپەروەرانەتر و ئینســـــانی ترە. ڕەهەند هەوڵێکە بۆ گەورەکردنی ڕووبەری پرسیار و تێڕوانینی نەوە تازەکانی کوردستان و دروستکردنی پەیوەندییەکی فکرییە لەگەڵ هەموو ئەو کەســـانەدا کە خەون بە دوونیایەکی باشـــترو هونەرێکی بەرزترو فکرێکی دەوڵەمەندترو ئەدەبێکی ڕەسەنترەوە ئەبینن.<<

## چالاکی و چاپکراوەکانی دیکەی نێوەندی ڕەهەند

نووســـەرانی نێوەندنی ڕەهەند پاش بڵاوکردنەوەی ژمارە یەکی گۆڤارەکە تا ژمارەکانی کۆتایی گۆڤارەکە بە هاوبەشـــی لەگەڵ نیوەند یان دەزگای دیکە چەندان کۆڕ و سییمیناریان پێشکەش کردووە.

لە ســـاڵی ١٩٩٨ کۆنفرانســـێکی نێودەوڵەتی گەورەیان دەربارەی ئەنفال لە زانکۆی ئەمستردام بەڕێوە بردووە و وەک خۆیان ئاماژەی پی دەکەن ئەوە یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی بووە لەسەر ئەنفال لە جیهاندا.

نێوەندی ڕەهەند، چەندین کتێبی چاپ کردووە وەک:

-ئێوارەی پەروانە، بەختیار عەلی، ڕۆمان، ١٩٩٨

کیشوەرێک لە خەون، ن: هیوا قادر، شیعر، ١٩٩٨

ئێوارەت باش ئاسیا، ن: ئیسماعیل حەمە ئەمین، ١٩٩٨

بەیازی گوڵفرۆشێک، ن: ئارام کاکەی فەلاح، کۆماڵەچیرۆک، ١٩٩٨

بۆهیمی ئەستێرەکان، ن: بەختیار عەلی، شیعر، ٢٠٠٠

*بەشـــی ســـێیەمی پانۆراماکە لە لایەن هەریەک لە هاوڕێیانمان (ڕۆزا شـــێخانی، ژیار ئەسوەد، کەلسوم گەزنەیی، نیاز مەحموود)ەوە تایپ کراوەتەوە.